Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.1

# سامی عەبدولڕەحمان :توێژینەوەیەک لە ڕۆڵی کارگێڕی و سیاسی (1970– 1975)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Dilshad Mahmoud Abdulrahman
dilshad.m.a@su.edu.krd

RECEIVED :26 /10/2025
ACCEPTED : 14/09/ 2025
PUBLISHED : 15/04/ 2026

**ئەڤین عەزیز خەلیل/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەریمی کوردستان،عێراق
**دڵشاد محمود عبدالرحمن/** بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەریمی کوردستان،عێراق

**پوختە**

سامی عەبدولڕەحمان یەکێک لە سەرکردە و کەسایەتییە دیارەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی عێراق، ڕۆڵ و پێگەی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا دیار و بەرچاوە، بە تایبەت لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥). لەبەر ئەوەی ناوبراو بە هۆی کارامەیی و لێزانی خۆی بووەتە جێی متمانەی مەلا مستەفای بارزانی (ڕابەری شۆڕشی ئەیلول) و بووەتە ئەندامی دیاری شاندی دانوستانەکانی نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و حکومەتی عێراقی، کە لە ئەنجامدا ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەداوادا هات. دوای ڕێکەوتنیش، لە ساڵانی (1970-1975) ناوبراو وەک وەزیرێکی کورد لە حکومەتی عێراقی بەشدار بووە. ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە لا کردنەوەیە لە دەرکەوتن و زەقبوونەوەی ڕۆڵی کارگێڕی و سیاسیی سامی عەبدولڕەحمان لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا (١٩٧٠-١٩٧٥). گرنگیی نووسینی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە چەند ڕاستییەکی نوێ لەسەر ڕۆڵی سامی عەبدولڕەحمان لە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ بەغدا و چالاکییەکانی لەسەر ئاستی دەرەوە بە پشت بەستن بە چەندان سەرچاوە و بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە دەخاتە ڕوو. توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە. لە تەوەری یەکەمدا باس لە پوختەیەک لە ژیانی سامی عەبدولڕەحمان کراوە، تەوەری دووەمیش تایبەتە بە باسی ڕۆڵی کارگێڕی و سیاسیی ناوبراو لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٥).

**وشە سەرەکییەکان:**
سامی عەبدولڕەحمان
وەزیر
عیراق
شۆڕشی کورد

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد پێی دەناسرێت ڕۆڵی کەسایەتی و سەرکردەکانە، بە تایبەت لە بواری سیاسی و کارگێری، سامی عەبدولڕەحمان یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسییەکانی کورد، کە ڕۆڵێکی دیار و کاریگەری هەبووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد. ناوبراو توانیویەتی شوێن پەنجەی دیاری خۆی لەسەر بەشێک لە ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراق، بە تایبەت لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٤ بنەخشێنێت.

### 1.1 گرنگیی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە ڕێگەی بەڵگەنامە و دیمانە و سەرچاوەی زانستییەوە بەدواداچوونی جدی بۆ ڕۆڵی کارگێری و ڕامیاری سامی عەبدولڕەحمان کردووە، هەروەها یەکەم کاری زانستی و مێژووییە دەربارەی ڕۆڵی کارگێری و ڕامیاری سامی عەبدولڕەحمان لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا (1970–1975) ئەنجام دەدرێت.

### 1. 2 ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە سەرەڕای گرنگیدان بە مێژووی هاوچەرخی کورد لە کوردستانی عێراق، لا کردنەوەیە لە دەرکەوتن و زەقبوونەوەی ڕۆڵی کارگێری و ڕامیاریی سامی عەبدولڕەحمان لە چوارچێوەی شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی (1903–1979). توێژینەوەکە لێراوانە هەوڵیداوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە: ڕۆڵ و ئەدای کارگێریی سامی عەبدولڕەحمان وەک وەزیری کاروباری باکور چۆن بووە؟ هۆکاری درەوشانەوەی ئەستێرەی سامی عەبدولڕەحمان لەو ماوە مێژووییە دیاریکراوەدا چی بووە؟ متمانەی زۆری سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە سامی عەبدولڕەحمان لەپای چی بووە؟

### 1. 3 میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا، بە هۆی سروشتی تایبەتی بابەتەکە، کە بەشێکی بەرچاوی مەیدانییە و بریتییە لە چاوپێکەوتن و دیمانە لەگەڵ کەسایەتییە نزیک و ئاگادارەکانی ژیانی سامی عەبدولڕەحمان، زۆرتر پشت بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی پەسنی (وەسفی) بەستراوە. هەروەها ڕێبازی ڕاڤەکاریش بە گوێرەی پێویست بەکارهێنراوە.

### 1. 4 پێکهاتەی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لەم پێشەکییە و دوو تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە. تەوەری یەکەم کە لەژێر ناوونیشانی (پوختەیەک لەبارەی ژیانی سامی عەبدولڕەحمان)ە، تایبەتکراوە بۆ باسی (ڕەچەڵەک و بنەماڵەی سامی عەبدولڕەحمان و سەرەتاکانی ژیان و قۆناغەکانی خوێندن و تێکەڵبوونی بە کاری سیاسی. تەوەری دووەم کە بەناوونیشانی (ڕۆڵی کارگێری و سیاسیی سامی عەبدولڕەحمان)ە، تەرخانکراوە بۆ باسی ڕۆڵی کارگێری و سیاسییەکانی سامی عەبدولڕەحمان لە ساڵانی (١٩٧٠–١٩٧٥) هەروەها باسی هەوڵەکانی ناوبراو کراوە لە گەیاندنی دەنگی کورد بەجیهانی دەرەوە لەوماوەیەدا . لە کۆتاییشدا پوختەی ئەنجامگیرییەکانی توێژینەوە خراونەتەڕوو.

## 2- پوختەیەک لەبارەی ژیانی سامی عەبدولڕەحمان

### 2-1 بنەماڵە و ڕەچەڵەکی سامی عەبدولڕەحمان:

محەمەد کوڕی مەحموود کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی خدر کوڕی خەلف ناسراوە بە سامی عەبدولڕەحمان لە ساڵی ١٩٣٢ لەدایکبووە(مەحموود، هەولێر، ٢٠٢٤/١١/١٠)، لە بنەماڵەیەکی مووسڵمانی سوننە مەزهەب بووە(عەبدولڕەحمان (أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧)، بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە بۆ سەر هۆزی دەقوری[١]، باپیرە گەورەی کەسێک بووە بە (خدر خەلف) ناسراوە، سەرەتا لە شاری عامودا بووە لە سووریا، بەڵام بە هۆی نالەباریی ڕەوشی ئابووری لە ناوچەکە کۆچیان بەرەو ناوچەی (الهول)[٢] کردووە، کە دەکەوێتە سنووری نێوان عێراق و سووریا، خدر لە لای ئاغای ناوچەکە (الهول) کار دەکات و ئاغای ناوچەکە کچی خۆی بە ناوی (عەرونا) دەدات بە خدر، ناوبراو ژنێکی دیکەی عەرەبیش هەبووە، خدر دواتر لە ناوچەی شنگال نیشتەجێ بووە و بە کاری بازرگانی خەریک بووە، سێ زمانی کوردی و عەرەبی و

تورکی زانیوە، بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆی، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بووەتە بەڕێوەبەری شارەوانی لە قەزای شنگال(عەبدولڕەحمان(ب)، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/٢٥)، هەروەها دواتر بووەتە ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی شارەوانی(المولی، ، 2000، ص٧٣-٨٢) ، خدر خاوەنی حەوت کوڕ بووە بە ناوەکانی: (ئەحمەد، محەمەد، ئیبراهیم، یوونس، عەبدولڕەحمان، ئەلیاس)(عەبدولڕەحمان (أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧). عەبدولڕەحمان یەکێک لە کوڕە زیرەکەکانی خدر خەلف بووە، هەر لە منداڵییەوە زیتەڵە و حەزی بە پرسیارکردن بووە، پرسیاری دەربارەی ڕەچەڵەک و بنەماڵەکەی لە باوکی کردووە، عەبدولڕەحمان هاوشێوەی باوکی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە پۆستی کارگێڕی وەرگرتووە لە ناحیەی تەلەعفەر(یعقوب، ٢٠٠٠، ص٧٣). خاوەنی خانوویەکی زۆر گەورە بووە لە شنگال، خاوەنی چوار کوڕ و کچێک بووە بە ناوەکانی: (مەحموود، سەعید، ئەمین[٣]، حوسێن، فەهیمە)، خێزانەکەی ناوی (زولێخا) بووە کە خەڵکی ناوچەی زێبار بووە، عەبدولڕەحمان خاوەنی کارگەی ڕستن و چنین بووە لە تەلەعفەر(عەبدولڕەحمان(ب)، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/٢٥) ، کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە پێگەی ئابووریی ئەم بنەماڵەیە زۆر باشبووە، سەرەڕای ئەمە هەرکاتێک هەر کوڕێکی ژنی بهێنابا دەبووایە خۆبەڕێوەبردنی لە ئەستۆی خۆی بووایە و لە خانوویەکی جیا لە دایک و باوکی ژیانی کردبا، ئەمە نەریتی عەبدولڕەحمان بووە بەرانبەر بە منداڵەکانی دوای ژن هێنانیان، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کوڕەکانی پشت بە خۆیان ببەستن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیان(عەبدولڕەحمان(ب)، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/٢٥).

## 2-2 خانەوادە و خێزانی سامی عەبدولڕەحمان:

سەبارەت بە باوکی سامی (مەحموود)، دوای ژنهێنانی لە ماڵی باوکی جیا بووەتەوە، دەستی کردووە بە کاری جووتیاری و مەڕداری، هەروەها بازرگانیی گەنم و جۆ و خورمای، لەگەڵ شارەکانی حەڵەب و دیمەشق و خوارووی عێراق کردووە، خاوەنی زەویی کشتوکاڵی و سێ بێستان و خانوویەکی گەورە بووە لە شنگال، لە گەڕەکی سەرای[٤] نیشتەجێبوون، ژمارەیەکی زۆر سەر مەڕی هەبووە، هەندیکیان لە چیای شنگال لای خیزانێکی ئێزیدی بەخێو دەکران، و هەندێکی دیکەیان لە شنگال لای پیاوێکی مووسڵمان بووە، کە دواتر کچەکەی خۆی بە ناوی (شەریفە) دەدات بە مەحموود(عەبدولڕەحمان(ب)، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/٢٥).

باوکی سامی عەبدولڕەحمان (مەحموود) خاوەنی دوو ژن بووە بە ناوەکانی: (ئەسمەرێ و شەریفە))، لە ژنی یەکەم هەشت منداڵی هەبووە چوار کوڕ بە ناوەکانی: (عەلی، خدر، عوسمان، محەمەد (سامی عەبدولڕەحمان))، چوار کچ بە ناوەکانی: ( نۆفا، حلیمە، سودا، وەسێ)، لە ژنی دووەم خاوەنی دە منداڵ بووە شەش کوڕ بە ناوەکانی: (ئەحمەد، کامەران، دارا، ئازاد، زیاد، چیا)، چوار کچ بە ناوەکانی: (شەمسە، شاها، شەرمین، شیرین)(عەبدولڕەحمان(ب)، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/٢٥)، لەسەر زاری ئەو کەسانەی کە ئەندامی خێزانەکەی بوون، باوکیان ڕۆڵی هەبووە لە پێگەیاندن و هاندانی منداڵەکانی بۆ بەردەوامبوون لەسەر خوێندن، لەبەر ئەوەی لە لایەنی کۆمەلایەتییەوە کەسێکی کراوە بووە لە بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی و بڕوای بەوە هەبووە کچ و کوڕەکانی بچنە بەر خوێندن[٥].

سەرەڕای هاندانی باوکیان بۆ خویندن، بەڵام هەندێک لە کوڕ و کچەکانی بە ئارەزووی خۆیان خوێندن تەواو ناکەن و وێڕای ئەمەش هەندێکیان لە قۆناغەکانی خوێندن بەردەوام دەبن و ئاستەکانی خوێندن بە سەرکەوتویی دەبڕن، لە دیارترینیان محەمەد (سامی عەبدولڕەحمان) بوو، کە توانی بڕوانامەی کۆلێجی ئەندازیاری لە بەشی کارەبا لە زانکۆی ڤکتۆریا لە شاری مانچستەر لە بریتانیا بە دەست بهێنیت. هەورەها کامەران بڕوانامەی کۆلێجی ئەندازیاری لە بەشی تەلارسازی لە ڕۆمانیا بەدەستهێناوە. ئازادیش کۆلێجی یاسا تەواو دەکات و هەریەکێک لە خوشکەکانی: (شەمسە، شاها، شیرن، شەرمین) خوێندنیان بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە(عەبدولڕەحمان(ب)، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/٢٥).

سامی عەبدولڕەحمان لە ١٩٦١/٣/٢١ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە کچە مامەکانی بە ناوی فەوزیە عەبدولڕەحمان پێکهێناوە کە کچی پیاوێکی ناوداری شنگال بووە بە ئەمینێ عەبدۆ ناسراو بووە، سامی دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، لە شاری بەغداد نیشتەجێ بووە. سامی عەبدولڕەحمان پێنج منداڵی بە ناوەکانی: (سەلاح، بەیان، ژیان، سیروان،

ڤیان) هەبووە، ڕۆڵ و پێگەی سامی لە سیاسەت و جێگیرنەبوونی بەردەوامی لە شوێنکی دیاریکراو بە هۆی کاری سیاسی کاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی منداڵەکانی لە شوێن و شاری جیاواز لە دایک بن، بۆ نموونە: سەلاح لە ١٩٦٢/٣/٢٧ لە شاری بەغدا لە دایکبووە، بەیان لە ١٩٦٥/٨/٤ لە شاری بەغدا لەدایکبووە، ژیان لە ناوپردان لە دایکبووە و لە تەمەنی سێ مانگی بە نەخۆشی گیانی لە دەستداوە، سیروان لە ١٩٦٨/٦/٩ لەناوپردان لە دایکبووە، ڤیان لە ١٩٧٠/٥/٢٩ لە بەغدا لە دایکبووە(عەبدولڕەحمان(ج)، هەولێر،٢٠٢٥/١/٧).

## 2-3 ژینگەی پێگەیشتن و گەنجیەتی سامی عەبدولڕەحمان:

سەرەتای دەستپێکی ژیان و چاوهەڵهێنانی سامی عەبدولڕەحمان لە خێزانێکی گەورە و دەوڵەمەند و خاوەن موڵک و مەڕوماڵات بووە، لەنێو خێزانێکی ڕۆشنبیر لەدایکبووە، لە بنەماڵەیەکی ناسراو بووە، خزم و ناسیاویان لە کوردستانی ڕۆژئاوا هەبووە(عەبدولڕەحمان(ب)، هەولێر، ٢٠٢٤/١٢/٢٥).

سامی عەبدولڕەحمان قۆناغی سەرەتایی بە زمانی عەرەبی لە شنگال خوێندووە، بە هۆی نەبوونی قوتابخانە بە زمانی کوردی لە ناوچەکە، لە قوتابخانە بە قوتابیەکی زیرەک و چالاک ناسراوە، بەشداریی لە چالاکییەکانی قوتابخانە کردووە، ئەم قۆناغەی بە سەرکەوتوویی بڕیوە، دواتر بۆ فێربوون و ختمکردنی قورئانی پیرۆز چووەتە حوجرە و لای مامۆستای ئایینی خوێندوویەتی، لەو سەردەمەدا هەر کەسێک پۆلی شەشی تەواوکردبا دەبووایە قورئانی پیرۆزی ختمکردبا(عەبدولڕەحمان (أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧).

سامی عەبدولڕەحمان بۆ درێژەدان بە خویندن و تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی چووەتە شاری مووسڵ لە قوتابخانەی (الغربية) خوێندوویەتی(یوسف، ٢٠٢٠، ل٤٢)، بۆ تەواوکردنی خوێندن لە بەشە ناوخۆیی ماوەتەوە، باوکی لە ڕوویی داراییەوە هاوکاری کردووە و مانگانە بڕە پارەی پێوستی بۆ دابین کردووە(عەبدولڕەحمان (أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧). پێنج ساڵ بەم شێوەیە بەردەوامبووە، چونکە قۆناغی خوێندنی دواناوەندی لە ساڵی ١٩٢٩ بە دواوە لە سەرتانسەری عێراق ماوەکەی (٥ ساڵ) بووە، بەسەر دوو قۆناغ دابەشکرابوو، قۆناغی یەکەم خوێندنی ناوەندی بوو، کە ماوەکەی (٣ ساڵ) بوو، هەروەها قۆناغی دووەم کە خویندنی دواناوەندی (ئامادەیی) کە ماوەکەی (٢ ساڵ) بوو، بەسەر دوو لقی زانستی و وێژەیی دابەش کرابوو، تاقیکردنەوەی کۆتاییش لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەڕێوە دەبرا(علوان الحميري، ٢٠١٩، ص٧).

سامی عەبدولڕەحمان لە قۆناغی دواناوەندی کەڵکەڵەی هزری سیاسی بۆ دروست دەبێت و کاریگەری هاوڕێکانی بەسەریەوە دەبێت، بە تایبەتییش یەکێک لە هاوڕێکانی بە ناوی (رزق الله)(عەبدولڕەحمان (أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧)، کە زۆرجار بەیەکەوە دادەنیشتن و باسیان لە بارودۆخی سیاسیی ئەو ڕۆژگارە کردووە، هەر لە قۆناغی دواناوەندی بیری چەپی لە لا گەڵاڵە بووە(عونی، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٢١)، بۆیە بەشداری لە چالاکی و خۆپێشاندانەکانی حزبی شیوعی عێراقی کردووە[٦]، کە ئەمەش ببووە جێگەی نیگەرانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی، لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانە چەند جارێک ئامۆژگاری کراوە کە نەچێتە ناو کاروباری سیاسی، چونکە سامی یەکێک بووە لە قوتابیە زیرەکەکانی قوتابخانە، هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانە هەوڵی داوە سامی بە دوور بگرێت لە کاری سیاسی، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی چەندین جار لە لایەن حکومەتەوە بۆ شایەتدان لەسەر سامی بانگکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سامی خۆشویستووە بەردەوام پاساوی بۆ هێناوەتەوە و گوتوویەتی سامی بەشداری ئەو جۆرە چالاکییانەی نەکردووە، بە هاندان و پشتگیرییەکان، سامی قۆناغی دواناوەندی بە سەرکەوتوویی بڕیوە و توانیویەتی نمرەکی بەرز بەدەست بهێنێت(عەبدولڕەحمان (أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧). دوای تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی و بۆ درێژەدان بە خوێندن سامی عەبدولڕەحمان ساڵی ١٩٥٢ لە لایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراق بە نێردەی زانستی دەنێردرێتە وڵاتی بریتانیا[٧] لە زانکۆی ڤکتۆریا لە مانچستەر لە کۆلیژی ئەندازیاری بەشی کارەبا، لەوێ پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی قوتابیانی عێراقی (جمعية الطلبة العراقيين)[٨] لە وڵاتی بریتانیا(عەبدولڕەحمان (أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧).

ئەو کۆمەڵەیە قوتابیانی عێراقی لەخۆ دەگرت کە لە وڵاتی بریتانیا دەیانخوێند، لە لایەن دیموکراتەکانی عێراق و کۆمۆنیستەکان دامەزرابوو، ئەم کۆمەڵەیە بووە دامەزراوەیەکی گرنگی قوتابیانی عێراقی و بووە قەوارەیەکی ناسراو لە بریتانیا، چالاکییەکانی ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە(الملاک، ٢٠٠٠، ص١٠٢-١١٧)، لەو کاتەی سامی عەبدولڕەحمان چووە لەندن، بووە ئەندام لەم کۆمەڵەیە، هەوڵی خۆگونجاندنی داوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە، هەموو ئەو قوتابیانەی کە ئەندامبوون لەو کۆمەڵەیە خاوەن یەک بیروبۆچوون نەبوون، هەندێکیان شیوعی بوون بیروبۆچوونی چەپ بەسەریاندا زاڵبووە، هەندیکیان بەعسی بوون و بیروبۆچوونی نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵبووە. کۆمەڵەکە فرە نەتەوە و ئایین و ئایینزای لەخۆ گرتووە، لە ناو کۆمەڵەکە قوتابیانی کورد و عەرەبی تێدابووە، هەروەها شیعە و سوننەی تێدابووە. هەریەک لەمانە لە شارێک هاتبوون، سامی عەبدولڕەحمان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق بەشدار بووە لە چەندین چالاکیی کۆمۆنیستەکانی عێراق لە بریتانیا و بەشدار بووە لەو خۆپیشاندانانەی لە بریتانیا بەڕێوەچوونە و هەوڵی نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی حکومەتی نوێی عێراقیان داوە(الملاک، ٢٠٠٠، ص٧-٣٦). سامی عەبدولڕەحمان توانیویەتی تێڕوانینی کەسانی دیکە و قوتابیەکانی دیکە بزانێت، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ژیانی سیاسیی سامی عەبدولڕەحمان لە ساڵانی دواتریش.

بەپێی قسەی ئەو کەسانەی نزیک بوون لە سامی عەبدولڕەحمان ناوبراو چالاک بوو لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تێکەڵبوون لەگەڵ ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەی قوتابیانی عێراقی لە بریتانیا، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئایدیۆلۆژیا و تێڕوانینی کۆمۆنیستی کاریگەری هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی سامی عەبدولڕەحمان و لەسەر دید و هزری، هەر ئەو کەسانەی کە زۆر لێی نزیکبوون قوتابیە کۆمۆنیستەکان بوون(ئەلسەعدی، لەندەن، ٢٠٢٥/٥/٢٨).

قەحتان حەبیب مەلاک لە کۆنفرانسی گشتیی کۆمەڵەی قوتابیانی عێراقی لە لەندن ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: " لەم کۆنفرانسە گشتیەدا بۆ قوتابیان لە ئینگلتەرا ئەنجامدرا لە ڕۆژی کریسمس لە ساڵی ١٩٥٦ کۆمەڵێک قوتابی گەنجم ناسی کە بۆ هەنگەوەکانی داهاتووی ژیانمدا جێگای بایەخ بوون، لە دیارترینیان (عبدالخالق البياتي، محمد محمود عبدالرحمن، عصام غيدان، دارا توفيق، أرتين أندريا، مهدي السامراني) زۆرێکی تر". (الملاک،٢٠٠٠، ص١٨-١٩).

ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ئەوەی هەموویان خاوەنی یەک بیروبۆچوون نەبوون، بەڵام هەوڵیان داوە لە هەندێک بۆنە و ڕێوڕەسمی خۆشی و خۆپیشاندان و ڕێپێوانەکان بەیەکەوە بەشداربن و یەکدەنگ بن لە خۆپیشاندانەکان، بە تایبەت ئەو ڕووداوانەی پەیوەندی بە عێراق هەبوو، بۆ نموونە: کاتێک کە شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراق بەرپابوو، کۆمەڵەی قوتابیانی عێراقی لە لەندن پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕش پیشان دا و لەهەمان ڕۆژدا کۆبوونەوە و هەڵمەتی هاوسۆزی لەگەڵ سیستەمی کۆماری دەستپێکرد، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکیان پێکهێنا سەرۆکی لێژنەکە بریتیبوون لە: (عەبدولخالق بەیاتی و محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان و ڕەحیم عەجینە)، کۆبونەوەیەکیان لە هایدپارک ڕێکخست، هاتنە سەر شەقامەکان و وتاریان بۆ ڕای گشتی بریتانیا پێشکەشکرد، بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی شۆڕش و ویستیان پاڵپشتی و هاوسۆزی بریتانیا بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی حکومەتی بریتانیاش پشتگیری لە شۆڕشی ١٤ تەمووز بکات(الملاک، ٢٠١٣، ص١١٩). عەبدولخالق بەیاتی، دکتۆر ڕەحیم عەجینە، خالید ئەحمەد زەکی، لەو کەسانە بوون کە سامی عەبدولڕەحمان پێیان سەرسام بوو لە لەندەن." (ئەحمەد، سوید، ٢٠٢٥/١/٢) ، دەکرێت ئەمەش بە خاڵی وەرچەرخان دابنرێت لە ژیانی سامی عەبدولڕەحمان، هەروەها قۆناغی خوێندنی زانکۆ لە بریتانیا یارمەتی دا کە تێڕوانینی سیاسی گەشە بکات، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە گەشەی هزری و سیاسیی سامی عەبدولڕەحمان لە ساڵانی دواتریشدا.

کاتێک سامی عەبدولڕەحمان لە ١٠ی ئابی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق (عجینە، ٢٠٠٩، ص٥٥)، بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخراوەیی و لەنێو ڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی چالاکی هەبووە(عوسمان، هەولێر، ٢٠٢٤/١١/١٠)، کە ئەوکات ڕێگا بەو پارتە دراوە بە ئاشکرا کار و چالاکی خۆی بکات و ئازادییەکی زۆر بە پارتی کۆمۆنیستی درابوو(القيسي، ٢٠١٥، ص٧١-٧٢)، کاتێک کە گەڕاوەتەوە ماوەیەک لە بەغدا بە بەڵێندەر وەک ئەندازیاری کارەبا کاری کردووە(عەبدولڕەحمان(أ)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/١٥)، دواتر لە 1959/5/12 بووەتە ئەندام لە سەندیکای ئەندازیاران(عەبدولڕەحمان،١٩٩١،ص٢٧)، هەر لەو ساڵەدا سامی عەبدولڕەحمان بووەتە ئەفسەری یەدەگ بە پلەی

مولازم[٩]، دواتر هەوڵی داوە چالاکیی زیاتر ئەنجام بدات بۆ بەرگریکردن لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم (1958–1963)، بۆ نموونە: وەکو کۆمۆنیستەکانی دیکە لە خۆپیشاندانەکانی پشتگیریکردن لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و لە ڕووداوەکانی هەڵگەڕانەوەی شەواف (١٩٥٩)[١٠]بەشدار بووە(باوانی، ٢٠٢٢، ل١٦٥؛ عەبدولڕەحمان(أ)، هەولێر، ٢٠٢٤/١١/٦؛ بەرواری، سوید، ٢٠٢٤/١٠/٦).

لەو ماوەی کە سامی عەبدولڕەحمان لە بەغدا بووە هەوڵی داوە وەک گەشتیار سەردانی چەند ناوچەیەکی کوردستان بکات، وەک خۆی ئاماژە بەوە دەکات ساڵی ١٩٥٩ چووەتە چیای سەفین(عبدالرحمن، ١٩٨٨، ص٢٤). ئەمەش ئەوە دەردەخات سامی عەبدولڕەحمان هەر لە زووەوە پەرۆشی دیتن و شارەزابوونی ناوچەکانی کوردستانی بووە.

شایەنی باسە سامی عەبدولڕەحمان ئاماژە بەوە دەکات کە دوای گەڕانەوەی لە لەندن و دوای خوێندنی زانکۆ لە مانچستەر، دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە وەک پێوست سوود لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆی وەربگرێت وەک ئەندازیاری کارەبا، تەنها چەند ساڵێکی کەم نەبێت، لەبەر ئەوەی سامی بیرکردنەوەی زیاتر لە بواری سیاسی بوو، بیرکردنەوە سیاسییەکەی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەکەی و کاریگەری هەستی سیاسیەکەی وایکردووە زیاتر لە بواری سیاسی قووڵ ببێتەوە، ئەم هەستکردنە وایکردووە دەرفەتی ئەوەی نەبێت کار لە پسپۆڕییەکەی خۆی وەک ئەندازیار بکات(عەبدولڕەحمان(ج)، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٢١).

سامی عەبدولڕەحمان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو لە ئاداری ١٩٦٣ چووەتە نێو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلول واتە دوای کودەتای بەعسییەکان لە (٨/شوباتی/١٩٦٣) پاشان ئەو کوشتارەی کە لەلایەن بەعسیەکان ئەنجامدرا دژ بە شیوعییەکان و لایەنگرانی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق. زۆر لەو کەسانەی کە لەسەر شیوعی حیساب دەکران، یەکێکیش لەوانە سامی عەبدلڕەحمان، بڕیاریان دا پەنا بەرنە بەر ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد(شاویس، 1985، ص87)، شایەنی باسە ناوبراو خۆی باس لەوە دەکات کە شارەزاییەکەی وەک ئەندازیاری کارەبا یارمەتیداوە بۆ ئەوەی نزیک ببێتەوە لە مەکتەبی سیاسی کە پێوستیان پێی بووە بۆ کاراکردنی ئێزگەی دەنگی شۆڕش(عبدالرحمن، 1988، ص٢٧؛ باوانی، ٢٠٢٢، ل١٦٦). ناوبراو توانیبووی لە ماوەیەکی زۆر کەم تواناکانی خۆی بسەلمێنێت و متمانەی بارزانی بەدەست بهێنێت، تەنانەت متمانەی بارزانی بە سامی عەبدولڕەحمان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە چەند ئەرک و پۆستێکی گرنگی پێ بسپێردرێت لەو قۆناغەدا، دەبینین لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٦٦)، سامی تیایدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی مەکتبی سیاسی هەڵبژێردراوە، هەروەها لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٧٠)، دوای دەرچوونی لە کۆنگرە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە( هەنجیرە مانی، ٢٠٢٣، ل١١٤-١٣٣)، هەروەها دوای واژووکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار، پێنج کەس لە سەرکردایەتیی پارتی دەستنیشانکران بۆ ئەوەی ببنە وەزیر لە حکومەتی عێراقی، یەکێک لەوانە سامی عەبدولڕەحمان بووە، کە دواتر بوو بە وەزیری کاروباری باکور (وزیر شؤون الشمال)، هەروەها بوو بە ئەندامی لیژنەی ئاشتی بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار(بارزانی، ٢٠٢٠، ل٥٠-٥١).

## 2-4 وێستگە گرنگەکانی ژیانی سامی عەبدولڕەحمان تاوەکو تیرۆرکردنی:

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٥)، ڕۆڵی سامی عەبدولڕەحمان لە ئامادەکارییەکان بۆ بەرپاکردنەوەی شۆڕش و دروستکردنی سەرکردایەتیی کاتی پارتی زۆر ڕوون و ئاشکرابوو، تەنانەت تێڕوانین و بیروبۆچوونی نوێی لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکدا خستووەتەڕوو، کە لە کۆنفرانسی ئابی ١٩٧٦، لە لایەن سەرکردایەتیی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پەسەندکراوە، ئەو ڕاپۆرتە بە ڕوون و ئاشکرا کاریگەرییەکانی هزری سامی عەبدولڕەحمانی لێ دەخوێندرێتەوە(ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی، ئابی ١٩٧٦، ل٣).

لە ماوەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش (١٩٧٦) کە لە ئەدەبیاتی پارتی بە (شۆڕشی گوڵان) ناسراوە، سامی عەبدولڕەحمان ڕۆڵی دیاری خۆی لەسەر چەندین ئاستی جیاواز بینیوە، بۆ نموونە لە بواری ڕاگەیاندندا، کە لە ساڵانی شەستەکاندا ئەزموونێکی باشی پەیدا کردبوو، لەو ئەنجامەدا ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە هێنان و کردنەوەی ئێزگەیەکی نوێ بۆ شۆڕشی

کوردی لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٧(گوڵان، ژمارە ١٣٨، ١٩٩٧/٩/١٣).

ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتی، لە نێویاندا سامی عەبدولڕەحمان، دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفتی ناوخۆیی و دەرەکی بوونەوە لەم ساڵانەدا، لەوانە نەبوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی و هەرێمی، جگە لە سەرهەڵدانی کۆمەڵە و پارتی دیکە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان کە لە پارتی جیابوونەتەوە، لەوانەش یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی (1937-2017) و هاوڕێکانی کە بە ئاشکرا دژایەتی سەرکردایەتیی کاتیان دەکرد، بەڵکو ناکۆکیەکان گەیشتنە ڕادەی پێکدادانی چەکداریش(کۆچێرا، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٣٩-٥٢).

لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی ١٩٧٩/١٢/٤ کە لە ئێران بەسترا، لە ئەنجامی هاتنە پێشی چەند کێشەیەک هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتی و لەنێویشیاندا سامی عەبدولڕەحمان بڕیاریان دا، کە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دوور بکەونەوە(قادر، ٢٠٠٠20، ل٧٥-٨٢).

سامی عەبدولڕەحمان لە هەوڵەکانی سەرکەوتوو بوو بۆ دروستکردنی پارتێکی سیاسی بە هەماهەنگی لەگەڵ هەندێک لە دۆست و برادەران و کادیرانی پێشووی سەرکردایەتیی کاتی، توانی دوای ئەنجامدانی کۆنگرەی دامەزراندن لە شاری ڤیەننا ی پایتەختی نەمسا لە ٢٦-7/٣٠/١٩٨١، پارتێکی نوێ بەناوی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ڕابگەیەنێت(حەمەد، ٢٠١٩، ل١٣٨).

دوای ڕاپەڕینیش، لە ساڵی ١٩٩٢ سامی عەبدولڕەحمان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە دامەزراندنی پارتی یەکگرتن، دواتریش لە ساڵی ١٩٩٣ ڕۆڵی کارای هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی پارتی یەکگرتن و تێکەڵبوونی ئەندامانی پارتەکە بە پارتی دیموکراتی کوردستان(یوسف، ٢٠٢٠، ل٦٥).

سامی عەبدولڕەحمان لە ماوەی شەڕی ناوەخۆدا (1994-1998) ڕۆڵی دیاری گێڕاوە و یەکێک بووە لەو سەرکردانەی پارتی کە لە دانووستانەکان و ئەو دانیشتنانەی کە لە وڵاتانی هەرێمی و وڵاتانی دەرەوە، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی براکوژی، لە نێوان شاندی پارتی و یەکێتی ئەنجام دراون(گوڵان، ژمارە٥٣، ١٩٩٥/١٠/٢٠).

لە کۆنگرەی دوازدەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٩٩/١٠/١٦، سامی عەبدولڕەحمان وەک سکرتێری مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا(سنجاری، 2013، ل٣16). هەروەها لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٩/١٢/٢٠، بووەتە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠٠٤/٢/١ لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆرستی لە شاری هەولێر لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان تیرۆرکرا(یوسف، ٢٠٢٠، ل٦٥).

## 3- ڕۆڵی کارگێڕی و سیاسیی سامی عەبدولڕەحمان (١٩٧٠- 1975)

### 3-1 ڕۆڵی کارگێڕیی سامی عەبدولڕەحمان:

یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکانی شۆڕشی ئەیلول ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لێکەوتەوە، کە کورد تیایدا مافی ئۆتۆنۆمی بەرجەستە دەکرد لە چوارچێوەی عێراقدا(کۆچێرا، 2011، ل359).

دوای واژووکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، حکومەتی عێراق ڕازی بوو لەسەر ئەوەی کە بارزانی (1903-1979) چەند کەسێک دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی ببنە وەزیر لە کابینەی حکومەتی داهاتوو، ئەوەبوو بڕیاردرا پێنج پۆستی وەزارەت بە کورد بدرێت، یەکێک لەو پۆستانە پۆستێکی گرنگ بوو ئەویش پۆستی وەزارەتی کاروباری باکور بوو، کە سامی عەبدولڕەحمان ڕاسپێردرابوو وەک وەزیری ئەو وەزارەتە(أحمد کویی، ٢٠٢٠، ص١٦١-١٦٣)، لەو بەرەنجامەدا ناوبراو لە (٢٩ی ئاداری١٩٧٠) دەستبەکار بوو( الدراسات والبحوث، بغداد، ص275).

شایەنی باسە وەزارەتی کاروباری باکور بە مەبەستی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی باکوری عێراق، لە سەردەمی سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان عارف(1966-1968) ساڵی ١٩٦٧ دامەزرا بوو بەناوی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی باکور، کەسێک بەناوی کەمال ئەحمەد قادر وەزیری ئەم وەزارەتە بوو(عەونی، هەولێر، ٢٠٢٥/٤/٢٣). ڕاستە کە ئەم وەزارەتە پێش ساڵی ١٩٧٠ هەبووە، بەڵام بەهۆی پێکدادان و شەڕەکانی نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق کاریگەری لەسەر پرۆژەکانی ئەم وەزارەتە کردبوو، بەڵام دوای ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بە هۆی وەستانی

شەڕ و پێکدادانەکان بۆ ماوەی ٤ ساڵ ئەم بارودۆخە نوێیە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی کە تەواو نەکرابوون تەواو بکرێن، هەروەها جێبەجێکردن و دروستکردنی سەدان پرۆژەی نوێش بە ئەنجام بگات، ئەم وەزارەتە بە پێی ئەو قانوونامەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقی بۆی دادەنا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی عێراق کاری دەکرد، شایەنی باسە ئەم وەزارەتە بەردەوام بوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ دواتر ئەم وەزارەتە نەما و بوو بە لێژنەیەک بەناوی لێژنەی قەرەبووکردنەوەی باکور(دلیمی، ٢٠٢٤، ص٤٠٠-٤٠٢).

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت وەزارەتەکەی سامی عەبدولڕەحمان پێکهاتبوو لە چەندین بەرێوەبەرایەتی و بەشی جیا و تایبەت بە کاروباری ناوچە کوردییەکان، لە هەمان کاتدا بەخۆیشی جگە لەوەی کە وەزیری کاروباری باکور بوو، دەستنیشانکرا وەک سەرۆکی لێژنەی ئاوەدانکردنەوەی باکور کە پێکهاتبوو لە نوێنەری زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراق بە پلەی بریکاری وەزارەت (الجمهورية العراقية، 1973، ص7).

سامی عەبدولڕەحمان دوای ئەوەی دەبێتە وەزیری کاروباری باکور دەبینین وێنەی تۆماری کەسی (صورة القيد) ی خۆی لە بەغدا تۆمار دەکات و نیشتە جێبوونەکەش لە گەرەکی یەرموک دیاری دەکات (الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، 1971).

هەرچۆنێک بێت لێرەدا پێوستە ئاماژە بەوە بکەین کەوا سامی عەبدولڕەحمان بە پشت بەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی (مجلس قيادة الثورة) ژمارە ١٢٤٥ لە ١٩٧٠/١٢/٢١ بڕیاری دا بە دروستکردنی لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی خۆی و بە ئەندامی نوێنەری زۆربەی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقی سەبارەت بە ئامادەکردنی دیراسات و پێشنیاری پێوست بۆ گەشەسەندنی ناوچە کوردییەکان لە هەموو بوارێک هەروەها ئامادەکردنی پلانی پێوست بۆ ئاوەدانکردنی ناوچەکە[١١].

شایەنی باسە ئەم وەزارەتە کە سامی سەرپەرشتی دەکرد هەڵدەستا بە دەرکردنی بڵاو کراوەیەک بەناوی "نشرة وزارة شؤون الشمال" کە تیایدا باس لەو چالاکی و پرۆژانە دەکرا کە لەلایەن پێکهاتەکانی ئەم وەزارەتە جێبەجێ دەکران لە ناوچەکانی کوردستان وناچەکانی باکوری عێراق، هەروەها لیستی پرۆژە لەگەڵ تێچووی پرۆژەکان(الجمهورية العراقية، وزارة شؤون الشمال، العدد8069، 1971/9/18).

لێرەدا دەبینین دوای ئەوەی سامی عەبدولڕەحمان بوو بە وەزیری کاروباری باکور چالاکییەکانی ئەم وەزارەتە گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینی، هەروەها حکومەتی بەغدا بودجەیەکی زیاتری تەرخانکردبوو بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان، هەروەها چەند بەرێوەبەرایەتیەکی تر زیادکران و خرانە سەر ئەم وەزارەتە لەوانە دەستەی ئاوەدانکردنەوەی باکور ساڵی ١٩٧١ دروست بوو، لە هەمان ساڵ دوای ئەوەی ئەم دەسەتەیە دامەزرا حکومەتی بەغدا نزیکەی چوار ملیۆن دنیاری تەرخان کرد بۆ پرۆژەکانی ئەم دەستەیە لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و ڕێگاوبان ودروستکردنی خانوبەرە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەروەها بواری تەندروستیش، هەر لە هەمان ساڵ کارگەی ڕستن و چنین لە شاری هەولێر دروستکرا هەروەها چەندین کۆگا بۆ ئەم کارگەیە دروستکرا جگە لەمە چەندین هۆتێلی گەشتوگوزار دروستکرا لە شارەکانی سلێمانی و دهۆک و هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٤، هەروها نۆژەنکردنەوەی ناوچەی گەشتگوزاری گەلی عەلی بەگ لەشاری هەولێر، لەلایەکی ترەوە ئەم دەستەیە هەڵسا بە دروستکردنی ١٠٠ خانوو لەپارێزگای هەولێر بۆ کەس و کاری شەهیدان هەروەها نۆژەنکردنەوەی ئەوخانووانەی زیانیان پێکەوتبوو لەدەڤەری بارزان، جگە لە دروستکردن و قیرتاوکردنی ڕێگاوبانی نوێ هەروەها لەماوەیە دروستکردنی ١٥ قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی و ٢٠٩ قوتابخانەی سەرەتای دروستکران لە شارەکانی دهۆک هەولێر کەرکوک سلێمانی و مووسڵ، شایەنی باسە وەزارەتی کاروباری باکور هەندێک لە پرۆژەکانی سنوورەکانی (کەرکووک و مووسڵ) یشی گرتۆتەوە ، چونکە لە ڕووی جوگرافیەوە ئەوانەش دەکەونە باکوری عێراق(الدليمي، ٢٠٢٤، ص٣٩٨-٣٩٩)، لە شاری کەرکوک١٩١١ خانوو دروستکرا بۆ ئەو کەسانەی کە خانوویان نەبوو، هەروەها حەوت پرۆژەی ئاوی خواردنەوە لە کەرکوک دروستکرا (الجمهورية العراقية، النشرة السنوية، 1974، ص10-11).

سامی عەبدولڕەحمان توانی ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەر ببینێت لە چالاککردنی کاروباری وەزارەتەکەی لەسەر ئاستی

زۆربەی بەش و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، هەروەها بایەخێکی زۆریدا بە تەواوکردنی پرۆژەکان و دارشتنی پلان بۆ پرۆژەی نوێ لە ناوچە کوردیەکان، لەو بابەتانەی کە بایەخی زۆری پێدا یارمەتیدانی جوتیاران بوو لە بواری توتن بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە ناوخۆی وڵات و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها توانی چەندین ڕێککەوتننامە واژوو بکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی کاروباری توتن لە یەکێتی سۆڤییەتی جاران ، هەروەها وڵاتانی، هەنگاریا، یابان، بەلجیکا، مصر، کۆماری چینی میللی(الجمهورية العراقية، النشرة السنوية، 1974،ص24-25).

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە وەزارەتی کاروباری باکور بایەخێکی زۆری پێدا لەو ماوەیەدا بریتی بوو لە قەرەبوکردنەوەی دارایی ئەوکەسانەی کە زیانیان پێکەوتووە لە ناوچەکانی کوردستان بەهۆی شەری نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق(الدليمي، 2024، ص400) ، دیاربوو کاروچالاکیەکانی وەزارەتی کاروباری باکور کە سامی عەبدولڕەحمان سەرپەرشتی دەکرد، ببوە مایەی دڵخۆشی خەڵک، بە تایبەت شاری هەولێر، دەبینین ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش کرد بەتایبەت بۆ یارمەتی خێزان و کەس و کاری ئەوانەی کە ببونە قوربانی لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ سوپای عێراق(کاکە، ٢٠٠٠،ل٧٩).

جێگای ئاماژەیە لە بەرنامەی ئەم وەزارەتەدا هاتووە کە جگە لەوەی بایەخ بە دروستکردنی ڕێگاوبان لە ناوچە گوندنشینەکان هەروەها بایەخ بە دروستکردنی بینایەو ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە لە ناوچەی باکور لە کوردستان و پێکهاتەکانی ئەم وەزارەتە هەریەکە تایبەت بوو بە بابەتێک و لەو بابەتانە، دروستکردنی قوتابخانە و باشکردنی پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوە لە لادێیەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، جگە لە ڕێکخستنی کاروباری فەرمانبەرەکان کە لە ناوچە کوردیەکان کار دەکەن هەروەها دەستنیشانکردنی بودجەی ساڵانە، بەشێک هەبوو لە وەزارەت تایبەت بوو بەناوی پرۆژەی ٤٥١، ئەم پرۆژەیە سەرپەرشتی شتومەکی خواردن و سەرپەرشتی وەرگرتنی یارمەتی خۆراک لە ڕێکخراوی خۆراکی نێودەوڵەتی وە دابەشکردنی لەسەر پارێزگاکانی باکور، هەروەها بەدواداچونی ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندی بە دارستان و پاراستنی دار و دارستانەکان لە نەخۆشی و حەشەرات و هەروەها بایەخدان بە دار چاندن لەو ناوچانەی کە پێوست دەکات(الجمهورية العراقية، الدليل التنظيمي، 1973).

سەرەرای هەموو ئەمانەش چاپکردنی کتێب بەزمانی کوردی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، چاپکردنی کتێبی نوێ و هەروەها وەرگێرانی کتێبی لە عەرەبی بۆ کوردی لە نێوان ساڵی ١٩٧٣-١٩٧٤، بۆ قۆناغی سەرەتایی نزیکەی ٢٧ کتێب چاپکران بە تێکرای ٦١١ هەزار کۆپی، هەروەها قۆناغی ناوەندی ١٨ کتێب بە تێکرای ١٦٩ هەزار کۆپی، قۆناغی دواناوەندی و بەتایبەت قۆناغی چواری دواناوەندی ١٠ کتێب بە ٣٠٠٠ هەزار کۆپی، هەروەها بابەتێک هەبوو بەناوی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری ١ کتێب ٣٠٠٠٠ کۆپی لێ چاپکراوە ،هەروەها کەرکوک یەکێک بوو لەو شارانەی وەکو هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەنێو پلانی پرۆژەکانی کاروباری باکور، بۆ نموونە دروستکردنی چوار قوتابخانەی سەرەتایی، چوار قوتابخانەی ناوەندی(الجمهورية العراقية، النشرة السنوية، 1974،ص48).

هەر سەبارەت بەو ماوەی کە سامی عەبدولڕەحمان وەزیر بوو لە بەغدا لە نێوان ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ لە دەستنووسێکی خۆیدا بە زمانی عەرەبی دەڵێت کە ئەم ماوەیە بایەخێکی تایبەتی هەبووە بۆ گەلی کورد لە عێراق و بەم شێوەیە باسی دەکات دەڵێت "دەکرێت بڵێین ماوەی (٧٠-٧٤) گەواهیدەری خۆشگوزەرانیەکی بێ وێنە بوو لە مێژووی هاوچەرخی کورد لەبواری بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زیندووکردنەوەی کلتوریی سەرەڕای ئەو کەش و هەوایە شۆڤینیەی کە لەو کاتەدا هەبوو، بەڵام ئەوەی لە عێراق کەم بوو لەم ماوەیەدا کەشێکی دیموکراسی بوو، بەبێ دیموکراسیش کلتورو فەرهەنگ ناتوانێت هەناسەبدات."( دەستنووسی سامی، ١٩٧٤)، هەروەها دەبینین ئەو ماوەیە بە ماوەیەکی زێرین وەسف دەکات، باس لە هێمنی و ئارامی کوردستان دەکات و جگە لەمەش لە وەسفی ئەو ماوەیەدا ئاماژەی بە فێربوونی تەکنیکی کارگێری و حوکمڕانی کوردان کردووە(ستانفیلد،٢٠١٠، ل١٨٠)، هەروەها لە نامەی دەستنووسی خۆی ئاماژە بەوە دەکات سەبارەت بە تێڕوانینی لەسەر ئەو ماوەی کە وەزیری کاروباری باکور بووە، ئەو کارو چالاکیانەی کە لەو ماوەیە ئەنجامدراون و بەرهەمی ئەو کارو چالاکیانەی خۆی بە بەرهەمی قوتابخانەی مەلا مستەفا بارزانی دەناسێنێت (دەستنووسی سامی، ١٩٧٤) .

### 3-2 ڕۆڵی سیاسیی سامی عەبدولڕەحمان:

لەو ماوەیەی کە ناوبراو بوو بە وەزیر، کارو چالاکیەکانی تەنها نەبەسترابۆە بە کاروباری سەرپەرشتیکردنی وەزارەتەکەی، بەڵکو ئەو بابەت و کێشانەی کە دروست بوون لە دوای ڕێکەوتنامەی ١١/ئاداری/١٩٧٠ لە نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی بەغدا ببوە یەکێک لە ئەرکەکانی(شیرزاد، ٢٠١١، ص٥٠٢)، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە سامی عەبدولڕەحمان لەنێو ئەو وەزیرە کوردانەی کە لە بەغدا بوون ڕۆڵی زیاتر هەبووە لەوەی کە ببوە پردی پەیوەندی لە نێوان بارزانی و گەورە بەرپرسانی حکومەتی عێراق بەتایبەتی ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی سەدام حوسێن و هەندێک جار نامەکانی سەدام حوسێنی گەیاندۆتە بارزانی و بەپێچەوانەوەش(شیرزاد، ٢٠١١، ص٥٦٢).

سەرەڕای ئیش و کارەکانی لە بەغدا سامی عەبدولڕەحمان لەلایەن بارزانیەوە ڕاسپێردرابوو بۆ گفتوگۆکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی پەرەسەندنە سیاسییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکومەتی بەغدا، زۆرجار سامی لە کاتی گەڕانەوەی بۆ کوردستان چاوی بە بارزانی کەوتووە بۆ ئەوەی ڕاسپاردە و تێڕوانینەکانی بارزانی تێبگات و بگەیەنێتە کادرو ئەندامانی پارتی لە بەغدا، بەپێی قسەی ئیحسان شێرزاد، بارزانی هەستی دەکرد کە سامی عەبدولڕەحمان زیاتر لە کەسانی تر خۆی ماندوو دەکرد و کارو چالاکیەکانی لەم بوارەدا زیاتر بوو، لەلایەکی تر سامی عەبدولڕەحمان لە گفتوگۆکان لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی بەغدا ڕۆڵێکی دیاری گێرا لە پێناو بەدواداچون و جێبەجێکردنی ناوەڕکی ڕێککەوتنامەی ساڵی١٩٧٠(شیرزاد، ٢٠١١، ص٥٠٢).

هەندێک لە کادیرە گەنجە لێهاتووەکانی پارتی لە ئەوروپا ئەوانەی کاریان دەکرد لەسەر پەیوەندی دەرەوەی شۆڕشی ئەیلول کۆمەڵێک لەمانە لە پەیوەندی دابوون لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان(عەتا، ٢٠٢٣، ل٣٧٤)، لێرەدا دەبینین سامی زۆرجار پێشنیاری دەستنیشانکردنی کادیرەکانی پارتی دەکرد بۆ چەند پۆستێکی دیاریکراو لە دەرەوەی عێراق بۆ نموونە، لەسەر پێشنیاری ناوبراو کادیرێکی پارتی بەناوی دارا عەتار دەستنیشانکرا بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری کورد لە بەیروت لە دوای ڕێککەوتنامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠(عەتا، ٢٠٢٣، ل٣٣٦-٣٣٧).

جگە لەمانەش هەندێک جار هەوڵیداوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە هێورکردنەوەی ئەو تەنگەژە و پێکدادانە چەکداریانەی کە دروست دەبوو لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ ئەو هەندێک لە هۆزو عەشائیرییە کوردی ڕویداوە لە ساڵی١٩٧١ (کاکە، ٢٠٠٠، ل٧٧-٧٩).

هەوڵیداوە ناوەڕۆکی ئەو کێشانە و ئەو بارودۆخەی هەیە لە بەغدا و ئاستی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی عێراقی بە نامەی نووسراو بگەینێت بە بارزانی. بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٢ سامی عەبدولڕەحمان نامەیەک دەنێرێت بۆ بارزانی تیایدا باس لە بارودۆخی ئەوکاتی بەغدا دەکات(بارزانی، ٢٠٢٠، ل٧٨-٧٩)، لەو ماوەیەی کە وەزیر بوو لە بەغدا و لە کاتێکدا کە ئاڵۆزییەک لە نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی بەعس دروست بوو، بە تایبەت دوای ئەو هەموو ئەو هەوڵانەی درا بۆ تیرۆرکردنی بارزانی دەبینین سامی عەبدولڕەحمان جگە لە ڕۆڵی کارگێڕی و سیاسییەکەی لەناو بەغدا هەوڵیداوە سوود لەم پۆستە وەربگرێت کە یارمەتی بدات بۆ دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ شاندە بیانییەکان، بە تایبەتی بەرپرسانی سۆڤێیەت، هەروەها گەیاندنی پەیامی کوردەکان بۆ سۆڤێیەت چ لە ڕێگای باڵوێزخانەیان و چ لە ڕێگای دیدار و کۆبوونەوە لە دەرەوەی باڵوێزخانە، لەبەر ئەوەی سۆڤێیەت وەک ناوبژیوان ڕۆڵی بینی لە ڕێککەوتنامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠. سەرکردە کوردەکان و یەکێک لەوانە سامی عەبدولڕەحمان هەولیان دەدا لەو ماوەیداە چاویان بە بەرپرسانی باڵوێزخانەی سۆڤێیەت بکەوێت لە بەغدا، هەروەها سەردانی سۆڤێیەتش بۆ ئەوەی ڕاستی ئەو ڕووداو و پێشهات و ئەو گۆرانکارییانەی کە دەهاتنە پێش لە بەغدا بگەینێتە حکومەتی سۆڤێیەت(شیرزاد، ٢٠١١، ص٥٢٩)، تەنانەت ساڵی ١٩٧٢ سامی عەبدولڕەحمان لەگەڵ نوێنەرەکانی دیکەی کورد، لەنێو بارەگای باڵێوزخانەی یەکێتی سۆڤێیەت لە بەغدا، چاویان بە سەرۆک وەزیرانی یەکێتیی سۆڤێیەت کەوت (شیرزاد، ٢٠١١، ص٥٢٩).

تێبینی دەکرێت کە سامی عەبدولڕەحمان تەنانەت لە دەستنووسەکانی خۆیشیدا ئاماژە بە بایەخدان بە سۆڤێیەت و وڵاتە سۆشیالستەکان دەکات، بۆ نموونە دەڵێت: ناوبانگی نێودەوڵەتی پارتی و بارزانی هەیە لە لای سۆڤێیەت و وڵاتە

ئیشتراکییەکان بۆ چارەسەری کێشەی کورد( دەستنووسی سامی، ١٩٧٤)، بەڵام ئەمە لە کاتێکدا بوو کە سۆڤییەت بە هەموو شێوەیەک یارمەتی سوپای عێراقی دەدا، تەنانەت لە نیسانی ١٩٧٤ سوپای عێراق بە چەکی سۆڤییەت و وڵاتە سۆشیالستەکان هەڵمەتی سەربازی فراوانی کردە سەر کوردستان(Oles And Bettie,1991,p165). واتە لەوانەیە ئەم تێروانینەی سامی عەبدولڕەحمان لەم ماوەیەدا لە شوێنی خۆی نەبێت، لە کاتێکدا یارمەتیدانی سۆڤییەت و وڵاتە سۆشیالستەکان بۆ حکومەتی بەعس شتێکی شاراوە نەبووە و لە ڕۆژنامە و میدیا جیهانییەکان باسی لێوە دەکرا.

جگە لەمانەش سامی یەکێک بوو لە ئەندامانی لیژنەی سەلام لە بەغدا، کە ئەم لیژنەیە لە نێوان حکومەتی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان دروستکرابوو بۆ چارەسەری ئەگەری هەرکشەیەک کە دەهاتە پێش(شاویس، هەولێر، ٢٠٢٤/١١/١٧) ، لێرەدا ئاماژە بەوەش دەکەین کەوا ناوبراو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە دەستنیشانکرابوو بۆ لیژنەی لێکۆلینەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراق بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەو هەوڵەی تیرۆرکردنی بارزانی درا لە ساڵی ١٩٧٢( بارزانی،٢٠٢٠، ل٧٨-٧٩).

دەبینین لە نامەیەکی دەستنووسی خۆیدا بە زمانی عەرەبی ناوبراو باسی تێڕوانینی خۆی دەکات لەسەر ئەو سەرکردە بەعسییانەی کە پێشتر کاری لەگەڵ کردوون لە دوای ڕێککەوتنامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠ لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی باکور و لیژنەی ئاشتی و هەروەها ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بابەتی پیلانەکەی ئیبراهیم گاباری کە ئامانجی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانی بوو، ئاماژە بەوە دەکات کەوا هەندێک لەو بەعسیانە کەسی شۆفینی و نیەتیان باش نەبووە بەرامبەر کورد بەڵام لە هەمان کاتدا دەڵێت: کە هەندێکی دی باشبوون و ناویان دەنێت بە بەعسییە باشەکان، ئاماژە بە ناویان دەکات لەوانە عەبدولخالق سامەرائی، عیزەت مستەفا (واتە عیزەت دووری)، مورتەزا حەدیسی، جەواهیری، بە هۆی کارکردنی سامی لەگەڵیان و کارکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە کێشەکانی کورد و بەغدا هەبووە (نامەی دەستنووسی سامی، ١٩٧٤).

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە سامی عەبدولڕەحمان لەو ماوەیەدا بایەخی زۆری پێداوە، کێشەی دوورخستنەوەی کوردە فەیلییەکان بوو لە عێراق بۆ ئێران، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و ئەم پرۆسەیە بوەستێندرێت(شیرزاد، ٢٠١١، ص٥١٣-٥١٩).

سامی لەو ماوەیەدا بایەخ و بەدواداچوونی هەبووە لە چالاکی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، یەکێک لەو بابەتانە بۆ نموونە، ساڵی ١٩٧٢ بە وتارێک لە کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان لە هەولێر وەکو نوێنەری پارتی بەشدار بووە، کە تیایدا باس لە گرنگی نزیکبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعس و حزبی شیوعی کردووە لەنێو یەک حکومەتدا(حاجی، ١٩٩٨، ل٦٠-٦٢)، هەروەها ڕۆڵی گێڕاوە لە دامرکاندنەوەی ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی کە لە نێوان هەندێک لە کادیرانی پارتی لە بەغدا دروستبوونە(عەونی،٢٠١٦، ل٢٥١-٢٥٨)، لە لایەکی دیکەوە کاتێک کە لە بەغدا بوو لە پەیوەندی دا دەبێت لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی لەوانە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان بەمەبەستی ڕاپەڕاندن و ئاسنکاری بۆ کارەکانیان، پێدانی یارمەتی و ڕێنمای حزبی بە یەکێتی قوتابیان داوە(عەونی، ٢٠١٦، ل٢٦٨-٢٧٢؛ شاویس، هەولێر، ٢٠٢٤/١١/١٧)، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کەوا ناوبراو جگە لەو ئەرکە کارگێڕییەی کە هەیبووە، کاروباری حزبیشی کردووە و ڕێنمایی حزبی بە ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان داوە.

فەرهاد عەونی سکرتێری گشتی ئەوکاتی یەکێتی قوتابیانی کودستان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان لە شاری بەغدا و پشتی بە ڕێنماییەکانی ناوبراو بەستووە سەبارەت بە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی قوتابیان لە شاری کەرکوک، لە ناوەڕۆکی قسەکانی فەرهاد عەونی وا پێدەچێت کە سامی بایەخێکی زۆری داوە بە پێگەی جەماوەری پارتی لە نێو شاری کەرکوک، هەروەها ڕێنمایی کردووە کە خۆی بە دوور بگرێت لە ناکۆکی و سەرهەڵدانی کێشە لەگەڵ بەعسیەکان لەم شارە، بۆ ئەوەی هیچ کایگەرییەک دروست نەبێت لەسەر ناوەڕۆکی ڕێککەوتنامەی ١١ ئادار، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە سامی عەبدولڕەحمان یارمەتی دارایشی پێشکەش بە یەکێتی قوتابیان کردووە بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری یەکێتی قوتابیان لەم شارە، هەروەها داوای لە

سکرتێری قوتابیان کردووە لە پەیوەندیدابن لەگەڵ یەک بە مەبەستی بەدواداچوونی بابەتی هەڵبژاردن لە شاری کەرکوک(عەونی، ٢٠١٦، ل٢٥٦-٢٥٨).

پێوستە ئاماژە بەوەش بکەین کەوا سامی عەبدولڕەحمان سەرەرای ئەرکی فەرمی خۆی وەک وەزیر و وەک نوێنەرێکی باڵای پارتی لە بەغدا، لە هەمان کاتدا کاتی تەرخان کردووە بۆ نووسینی چەندین بابەتی سیاسی لە ڕۆژنامەی "التأخي" کە زمانحالی پارتی بوو لە بەغدا کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو تیایدا سامی عەبدولڕەحمان تێروانینی پارتی و تێڕوانینی خۆی باس دەکرد سەبارەت بە دوایین پێشهاتەکانی نێوان حکومەتی بەغدا وکوردەکانی عێراق، هەروەها هەندێک جار ڕەخنەشی ئاراستەی ئەو لایەنانەی دەکرد کە بابەتیان لە ڕۆژنامەی "الثورە" بڵاودەکردەوە کە زمانحالی حزبی بەعسی دەسەڵاتدار بوو(عەونی، هەولێر، ٢٠٢٥/٤/٢٣؛ گۆرۆن، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/٧).

بە پێی قسەی ئەندامانی خێزانەکەی سامی دوای ئەوەی دەبێتە وەزیر لە بەغدا بە کەسێکی ئاسان سەیر نەدەکرا لە لایەن بەعسیەکانەوە، بەڵکو بە کەسێکی سەرسەخست ناسراو بوو، بۆیە ئەمەش وایکردیە تەنانەت سەدام حوسێن گازاندەو شکایەتی لێ بکات لای مەلا مستەفا بارزانی(بزاو، ٢٠٠٧، ل٢٨-٢٩).

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە پەیوەندی بە ململانێی عەرەب و ئیسرائیل و ئەو بارودۆخەی دواتر ڕێگەی خۆشکرد بۆ جەنگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣ نێوان ئیسرائیل و میسر و وڵاتە عەرەبیەکانی تر، پێش دەستپێکردنی ئەم شەڕە سەرۆکی ئەکاتی میسر ئەنوەر سادات نامەیەکی لە ڕێگای باڵوێزخانەیان لەبەغدا گەیاندیانە سامی عەبدولڕەحمان ئەویش لە ڕێگای خۆیەوە گەیاندیە بارزانی و ئەمەش دواتر ڕێگەی خۆشکرد پەیوەندیەک دروست بێت لە نێوان سامی عەبدولڕەحمان و سەرۆکی ئەوکاتی میسر(بارزانی، ٢٠٢٠، ل٩٩-١٠١).

لە چوارچێوەی هەوڵەکانی بۆ ڕێگرتن لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی گەورە جارێکی تر لەگەڵ بەغدا، بەتایبەت ئەوکات حکومەتی عێراقی لە ڕووی سەربازی و ئابووری و پاڵپشتی نێودەوڵەتی، باش خۆی ئامادەکردبوو بۆ ئەم شەرە بارزانی لە هەوڵەکان بەردەوام بوو بۆئەوەی هەندێک لایەن و سەرکردەی وڵاتانی عەرەبی ڕۆڵی نێوەندگیر بگێرن لە نێوان کوردەکان و حکومەتی بەعس لەبەغدا، لێرەدا بارزانی بایەخێکی زۆری بە میسردا کەوا میسر وەک وڵاتەکی گەورەی عەرەبی بتوانێت ڕۆڵەکی باش بگێڕێت لە نزیک کردنەوەی بەغداو کوردەکان جارێکی تر لەیەکتر، لەم بارەیەوە بارزانی سامی عەبدولڕەحمانی دەستنیشانکرد بۆ ئەوەی نامەیەکی بەپەلە بگەینێت بەسەرۆکی ئەوکاتی میسر (ئەنوەر سادات) ئەوەی لە نامەکەدا هاتبوو ئەوەبوو کە بارزانی داوای لەسەرۆکی میسر کردبوو کە نێوەنگیری بکەن وەک وڵاتێکی عەرەبی و پێوست ناکا خەڵکی تر بێنە ناو بابەتەکە(بارزانی، ٢٠٢٠، ل١٦٧-١٦٨).

نازانرێت ئایا ئەنوەر سادات هەوڵی ڕاستەقینەی داوە بۆ ڕێگرتن لە هەڵگیرسانەوەی شەر لە نێوان کوردەکان یاخود نا، بەڵام لەهەندێک سەرچاوە دەگوترێت کەوا ئەنوەر سادات ئەم سەردانەی سامی عەبدولڕەحمان و نامەکەی بارزانی بە هەلێکی زێرین زانیوە بۆ لێدان و لاوازکردنی شۆرشی کوردی ئەویش لە ڕێگای تۆمارکردنی دەنگی سامی عەبدولڕەحمان وەگەیاندنی تۆمارە دەنگیەکە بۆ شای ئێران وەک ئەوەی کە بڵێتە شای ئێران ئەوە کوردەکان دەیانەوێت پێک بێن لەگەڵ بەغدا وداوای هاوکاری ئێمەیان کردووە(ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ل٦٥٤-٦٥٥)، مەبەست لێرە ئەوەیە کەوا ئێران بیر لەوە بکاتەوە کە ئەوان قبولیان نیە کوردەکان بەبێ ڕەزامەندی ئێران جارێکی تر دانووستان و ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا بکەنەوە، دەگوترێت کە ئەمەش هۆکارێکی تر بوو ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥.

کوردەکان هەستیان دەکرد کەوا هەوڵێک هەیە بۆ نزیککردنەوەی ئێران و عێراق لە یەکتر لە کۆتایی ساڵی١٩٧٤(سەرکردایەتی کاتی، ڕێبازی بزووتنەوە،١٩٧٦، ل٥٦-٥٧)، بۆیە دەبینین بارزانی بیری لەوە دەکردەوە کەوا هەوڵ بدرێت ئەگەر دەرفەتێک هەبێت بۆ پێکهاتن و دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکان لەگەڵ عێراق پێش ئەوەی ئێران و عێراق بگەنە یەک، هەر بۆیەش دەست نیشانکردنی سامی عەبدولڕەحمان بۆ ئەم ئەرکە دەکەوێتە نێو ئەم چوارچێوەیە(سەرکردایەتی کاتی، ڕێبازی بزووتنەوە،١٩٧٦، ل٥٦-٥٧).

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٤ ئاماژەکان ئەوەیان نیشان دەدا کە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەڕوا (کۆچێرا، ٢٠١١، ل٣٩١)، ئەم ڕاستییە دەرکەوت لە کاتی سەردانی نوێنەرانی بارزانی و لە نێویاندا سامی عەبدولڕەحمان لە شوباتی ١٩٧٤

و دیداریان لەگەڵ سەدام حوسێن، کە لە میانەی دانیشتنەکان ئەوە باسکرا لەلایەنی عێراقی کەوا ئەگەر لایەنی کوردی ڕازی نەبێت بەو پرۆژە قانوونە ئۆتۆنۆمییەی کە حکومەتی عێراق ئامادەی کردووە و دەیەوێت ڕایبگەینێت، ئەوان ناچارن لە ئێران نزیک ببنەوە و تەنانەت ناوچەی شەتولعەرەبیش ببەخشن بە ئێران(بارزانی، ٢٠٢٠، ل١٠٨-١١٠)، ئەم بارودۆخە وایکرد کە سامی عەبدولڕەحمان زیاتر بگاتە ئەو تێگەیشتنەی کەوا ئەگەری پێکدادان نزیک بویەتەوە لە نێوان ئەوان حکومەتی بەعس.

شایەنی باسە هەر لەو کاتانەی کە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی دەرۆیشت لە نێوان کوردەکان و حکومەتی بەعس هەر لە سەرەتای ١٩٧٤ نوێنەرانی کورد لە بەغدا، یەکێک لەوانە سامی عەبدولڕەحمان هەستیان بەوە دەکرد کە ئاماژەکان ئەوە نیشان دەدەن کە لەوانەیە هەرەشە دروست ببێت لەسەر کادیران و ئەندامانی پارتی لەشاری بەغدا بۆیە دەبینین هەندێک لە کارمەندانی ڕاگەیاندنی پارتی لەوانە ڕۆژنامەی ئەلتەئەخی و برایەتی بە ئاگاداری و یارمەتی سامی عەبدولڕەحمان بارەگاکانیان چۆل کرد لەگەل بردنی بەڵگە نامە نهێنیەکان گواسترانەوە بە ئوتومبێلە تایبەتەکەی سامی لە مانگی شوباتی ساڵی١٩٧٤(عەونی، ٢٠١٦، ل٣٧٤).

شایەنی باسە سامی عەبدولڕەحمان لە زۆربەی ئەو لێژنانە بوو کە دروست دەبوون هەر لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٤ بە مەبەستی هێورکردنەوە و بە دواداچوونی بارودۆخی کوردستان لە گەڵ حزبی بەعس (عجینە، ٢٠٠٩، ص١٢٣) ، هەربۆیەش دەبینین کاتێک گرژیەکان دروست دەبوون ساڵی ١٩٧٤ ناوبراو یەکێک بوو لەوانەی بووە ئەندامی ئەو لێژنە ڕاوێژکارییەی کە لە پارتی و حزبی شوعی و حزبی بەعس پێک هاتبوو بە مەبەستی هێورکردنەوەی پەیوەندیەکان لە نێوان پارتی و حزبی بەعس(دزەیی، ٢٠٠٢، ص٢٧٧).

پاش دەستپێکردنەوەی شەڕ وپێکدادان لە نێوان سوپای عێراق وهێزەکانی کورد بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی لە مانگی نیسانی ١٩٧٤ لەو ماوەیەدا سامی عەبدولڕەحمان ڕاسپێردرا لەلایەن بارزانیەوە لە کۆتایی مانگی ئایاری ١٩٧٤ کە نامەیەکی خۆیی بە خێرا بگەینیت بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەها بە نوێنەرانی ولاتانی زلهێز لە ئەنجومەنی ئاسایش بەتایبەت ئەمریکاو بریتانیا، ئەم نامەیەی بارزانی کە لە بەرواری ١٩٧٤/٥/٢٨ نووسراوە بە زمانی ئینگلیزی و بە واژوی بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان بە هاوریەتی لەگەڵ محسن دزەیی کە ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی بوو، گەشتێک دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات لە ڕێگای ئەوروپاوە بەرەو ئەمریکا، بەرەو شاری نیۆیۆرک لە ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سامی عەبدولڕەحمان خۆیشی نامەیەک بە زمانی ئینگلیزی و بە واژووی خۆی ئامادە دەکا لە ڕۆژی ١٩٧٤/٦/٧ وەک شاندی کورد لە دەرەوە بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان نامەی بارزانی و نامەکەی خۆی هاوپێچ دەکا لەگەڵی، نامەکە ئاراستەی (Kurt Waldheim) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو ئەوکات، لە نامەکەی خۆیدا سامی عەبدولڕەحمان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان نامەی مستەفا بارزانی وەک فەرماندەی گشتی سوپای شۆڕشگێری کوردی و هەروەها وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، دەڵێت کە ئەم نامەیە ئاراستە کراوە لەسەر جەنگی جینۆساید وپاککردنەوەی ڕەگەزی کە حکومەتی عێراقی پێی هەڵساوە و ڕایگەیاندووە دژی گەلی کورد، سامی عەبدولڕەحمان لە کۆتاییدا ئاماژە دەکات کە داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە هەموو توانایەکی خۆی بەکاردێنیت بۆ نەهێشتنی ئەم جەنگە وپاڵپشتی بکات لە مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد(The United Nations, 17,jun,1974؛ دزەیی،٢٠٠٢،ص٢٧١-٢٧٣)

لەهەمان کاتدا سامی عەبدولڕەحمان لەو کاتەی کە لە نیۆیورک بوو نامەیەکی تر لە ١٩٧٤/٦/٦ بەناوی واژووی خۆیی و واژووی محسن دزەیی ئاراستەی نوێنەرانی وڵاتانی زلهێزی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات، لەم نامەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە گەلی کورد هیوای ئەوەیە کە نەتەوە یەکگرتوەکان هەموو هەوڵێک بگرێتە بەر بە مەبەستی پاراستنی دادپەروەری و ئاشتی وبایەخی پێویستیش بە دۆزی کورد بدرێت، هەروەها لە نامەکەیدا دەڵێت کە، لە ناوەڕاستی مانگی چوارەوە گوند وشارۆچکەکانی کوردستانی عێراق بۆمباران دەکرێت وخەڵکێکی زۆر لە ژن وپیاو بوونە قوربانی، خەڵکێکی زۆر ماڵیان جێهێشتوە، ئەمە نەک تەنها مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵەکانی ئەم ناوچەیەش بونەتە قوربانی وچەندین باخ ودارستان سوتاون، ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵکی کوردستان داوای مافێکی سادە دەکات لە ئۆتۆنۆمی لە نێو سیستەمێکی

دیموکراتی لە حکومەتی عێراق، وەلامی حکومەتی عێراق بەرامبەر ئەو داواکاریانە بریتی بوو لە راگەیاندنی شەری داگیرکاری وجینۆساید وپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ (Democratic Party,Pohitical Bureau,7,Jun,1974).

نامەکەی بارزانی نوێنەرانی وولاتانی زلهێز لەوانە بریتانیا بایەخیان بەم سەردانەدا لەنێو دامودەزگاکانی حکومەتی بریتانیا، لێرەدا ئاماژە دەکرێت بەوەی کە، نوێنەری بریتانیا لەنەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٤/٦/١٧ نامەیەکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی حکومەتەکەی خۆیی کردووە ، لە نامەکەدا کۆپیەک لە نامەکەی مستەفا بارزانی ونامەکی سامی عەبدولڕەحمان و محسن دزەیشی هاوپێچ کردووە بۆ بەرپرسانی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجی بەرپرسانی بریتانیا بووە ئەوەیە کە، بارزانی لە نامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە سوپای عێراق هەڵساوە بە بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم وهەروەها چەکی کیمیای لە هێرشەکەیان بۆ سەر کوردستان، گەورە بەرپرسانی وەزارەتی بریتانیا داوا لە نوێنەری خۆیان دەکەن لە نەتەوە یەکگرتوەکان کە چاودێری وبایەخی زیاتر بەو بابەتە بدرێت وهەوڵبدرێت بزاندرێت تا چ ڕادەیەک ئەم زانیارییانە ڕاستن، سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی گازی ژەهراوی (kurdistan democratic party, political) bureau,6/6/1974).

سامی عەبدولڕەحمان لەو کاتەی کە لەدەرەوە بوون لەگەڵ محسین دزەیی جگە لە گەیاندنی نامەی بارزانی بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەوان لەلایەکی ترەوە هەوڵیانداوە توانای خۆیان بەکار بهێنن و یاداشتی تر بنووسن وئامادە بکەن بۆ ئەو وڵاتانەی کە پەیوەندیان بە عێراق وکێشەی کوردەوە هەیە یەکێک لەو نامانە کە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی حەوتی ساڵی ١٩٧٤، یاداشنامەیەک ئامادە دەکرێت بۆ نوێنەری وڵاتانی زلهێز لەوانە بریتانیا وئەمریکا تیایدا سامی عەبدولڕەحمان وموحسین دزەیی، ئاماژەیەکی تێروتەسەل لەسەر کێشەی کورد هەروەها ئاماژەکردن بەڕێککەوتنامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ وڕێککەوتنامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٠ جگە لە ئاماژەکردن لەو دەردو نەهامەتیانەی کە گەلی کورد دووچاری هات پاش دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕوپێکدادان لە مانگی نیسانی ١٩٧٤، و ئاماژە بە بۆمبارانکردنی شارۆچکەی قەلادزێ دەکرێت چەندین کەس بوونە قوربانی بە بەکارهێنانی چەک و بۆمبی قەدەغەکراو ئامادە دەکەن(House of commons, Londonm,25/july/1974).

لە ماوەی سەردانەکەیان توانیان بچنە زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکانی وەک فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، سوید، بەلجیکا، فلندا،نەمسا، سویسرا، بریتانیا(دزەیی، ٢٠٠٢، ص٢٧٤)، سەردانەکەیان بۆ ئەوروپا ماوەی دوو مانگی خایاند(دزەیی، ٢٠٠٢، ص٢٧٥).

کاتێک سامی عەبدولڕەحمان لەگەل موحسین دزەیی گەڕانەوە لە ڕێگای ئێران، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ئێرانی ناسراو بە ساواک بەناوی ژەنەڕال(نعمت الله نصیری) چاوی بە سامی عەبدولڕەحمان و محسن دزەیی کەوت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری زانیاریەکانی ئەم سەردانانە بێت، داوای لێکردن کەوا ڕاپۆرتێکی پێبدەن(دزەیی، ٢٠٠٢، ص٢٧٥).

دواتر کە گەڕانەوە کوردستان چاویان بە مستەفا بارزانی و سەرکردەکانی تری مەکتەب سیاسی کەوت، بۆ ئەوەی باسی دەرئەنجامی سەردانەکانیان بکەن(دزەیی، ٢٠٠٢، ص٢٧٧).

هەڵبەتە لەکاتی دەستپێکردنەوەی شەڕیش لەگەل هێزەکانی سوپای عێراق ساڵی ١٩٧٤ دوای ڕێککەوتنامە جەزائیر، سامی عەبدولڕەحمان سەرەڕای ئەرکە سیاسی و حزبیەکەی بوە ئەندامی دەستەی نەخشەکێشانی سەربازی کە ئامانجی بە دواداچون و سەرپەرشتیکردنی هەماهەنگی لەنێو هێزە سەربازیەکانی شۆڕشی ئەیلول(بارزانی، ٢٠٢٠، ل١٥٣-١٥٤).

لە نێوان ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ هەندێک سەرچاوە وا ئاماژە بە پێگەی سامی عەبدولڕەحمان دەکەن کە گوایە وەک سەرۆکی حکومەتی لێهاتووە، لەبەر ئەوەی ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ڕووی کرداریەوە لەو ماوەیەدا هەروەها ڕۆڵی سامی عەبدولڕەحمان لەو ماوەیە زۆر زیادی کردبوو(السنجاری، ٢٠٢١، ص١١٤) .

دوای دەست پێکردنەوی شەر لە مانگی نیسانی ١٩٧٤ و پاشان ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیری لە (٦ ئاداری ساڵی ١٩٧٥ )[١٢] کە لە ئەنجامدا گەلی کورد دووچاری کێشەیەکی گەورە هات ئەویش ئەوەبوو لە ئەنجامدا هێرشی سوپای عیراق و تۆپبارانکردنی شارو شارۆچکەو گوندەکان وایکرد کە خەڵکەکی زۆر ناچار بن ماڵ و حاڵیان بە جێبهێڵن و بەرەو سنوورەکانی ئێران بەرێ بکەون و ئەم لێژاوی ئاوارە بوونە فراوانتر بوو دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی

٦ئاداری ١٩٧٥ لە جەزائیر کە ئەوکات شای ئێران ماوەیەکی دیاری کردبوو بۆ داخستنی سنوورەکا، بۆیە پێشمەرگەیەکی زۆر لەگەڵ کەس و کاریان واتە خەڵکەکی زۆر و دەیان هەزار خێزان بڕیاریاندا بچنە نێو خاکی ئێران و بوون بە ئاوارە، لێرەدا سامی عەبدولڕەحمان و چەند کەسایەتیەکی تر وەک (حەمەد ئەمین بەگ، جەرجیس فتح الله، محسن دزەیی، شەفیق قەزاز و محەمەد سلێمان) دەستنیشانکران وەک ئەندامی ئەو لێژنە، بەمەبەستی سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی کێشەی ئاوارەکان و پەنابەران لەگەڵ نوێنەرایەتی و باڵوێزخانەکانی وڵاتانی بیانی لە ئێران هەروەها ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان(وەلاتژێری، ٢٠٢٤، ل٣٣٠-٣٣١).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە سامی عەبدولڕەحمان توانی چارەسەری کێشەی زۆر لەم ئاوارانە بکات لە ڕێگای ئەم پەیوەنییانەی کە هەیبوو لەگەڵ ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و لەگەڵ بریتانیا و هەروەها نەمساو ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بۆ ئەو کەسانی کە داوای مافی پەنابەرایەتیان دەکردلەم وڵاتانە(وەلاتژێری، ٢٠٢٤، ل٣٨٦-٣٨٧).

## 4- ئەنجام:

لە دوای ووردبوونەوە لە زانیارییە مێژووییەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو، توێژینەوەکە گەیشتە چەند ئەنجامگیرییەک، لە خوارەوەدا بە پوختی خراونەتەڕوو:

١. ڕۆڵی سامی عەبدولرحمان لە ڕووداوە مێژووییەکان، بە تایبەت لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە، ڕوون دەبێتەوە کە ناوبراو لە تەمەنی لاوێتییەوە کەسێکی چالاک و لێهاتوو بووە و توانیوەتی قۆناغەکانی خوێندنی بەسەر کەوتوویی ببڕێت، شارەزایی باشی هەبووە لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی. سەرباری ئەوەی ئەندازیاری کارەبا بووە، بەڵام بیرکردنەوە سیاسییەکەی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەکەی و کاریگەری هەستی سیاسیی وایکردووە زیاتر لە بواری سیاسی قووڵ ببێتەوە.

٢. سامی عەبدولڕەحمان بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆی هەر زوو توانیوەتی جێگای خۆی بکاتەوە لە نێو شۆڕشی ئەیلول و لە ماوەیەکی کەم بەرپرسیارێتی گەورە بگرێتە ئەستۆ، هەروەها لە هەموو ئەو پێشهاتە سیاسییانەی کە دەهاتە پێش، پەرۆشی پرسە نەتەوەییەکان بووە و هەوڵیداوە ڕۆڵی کارا ببینێت و لە بارودۆخ و سەردەمەکەی خۆی تێبگات و تێکەڵ بە کاروباری سیاسی ببێت.

٣. سامی تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە لەو ماوەیەدا کە پرسی نەتەوەیی کورد و دەنگی کورد بگەیێنێتە جیهانی دەرەوە و نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرۆشی زۆری بۆ ئەوە بووە کورد بگاتە مافەکانی خۆی، لە ساڵانی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو ڕۆڵێکی بەرچاوی کارگێڕی بینیوە لە وەزارەتی کاروباری باکور و هەوڵیداوە جێ پەنجەی خۆی جێبهێڵێت لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان، بە هۆی ئەو پۆستە ئیدارییەی کە هەیبوو لەو ماوەیەدا.

٤. سامی عەبدولڕەحمان جێگای متمانەی مستەفا بارزانی بوو ڕابەری شۆڕشی ئەیلول, هەر بۆیە ئەرک و لێپرسراویەتی گەورەی پێدرا لە ڕووداوەکان و پەیوەندیەکانی نێوان کوردەکانی عێراق و حکومەتی ئەوکاتی بەغدا، لەهەمان کاتدا جگە لە ئەرکی ئیداری و سیاسی و بەشدار بوونی لە حکومەتی عێراق وەک وەزیر دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ زۆرجار سەرپەرشتی لایەنەکانی تریشی کردووە کە پەیوەندی بە چالاکی پارتیەوە هەبووە لە نێو بەغدا و شارەکانی تری عێراق.

## 5- پەراوێزەکان:

(١) هۆزی دەقوڕی (داخوری) هۆزێکی گەورەیە لە ناحیەی عامودا، دەکەوێتە سنووری نێوان عێراق – سووریا بە دەیان گوند دەگرێتە خۆ، یەکێکن لەو هۆزانەی کە سەرەتا بەشێوەیەکی بچووک لە ناوچەکانی باشوری ڕۆژئاوای دیاربەکرەوە نیشتەجێ بوون، لە باسی ئەو هۆزەدا دەگوترێ جۆرێک لە ژیانیان کۆچەری بووە، مێژوونووس شاکر مستەفا باس لەوە دەکات کە ئەو خێڵانە کوردنین بەڵکو بە تێپەربونی کات بونەتە کورد و سەرچاوەی ڕەسەنیان دەگەڕیتەوە بۆ گەلانی شاخاوی و قەفقاز، ئەم هۆزە دوای دیاریکردنی سنوور، لە ڕێککەوتنامەی سایکس-بیکۆ دابەشبوون لە نێوان کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باکور، ژمارەیەکی زۆری ئەم عەشیرەتە دانیشتووی ناوچەکانی سنجار وماردین وموشن. (سایکس، ٢٠٢٠، ص٤٧؛ جزيري، ، 2017، ص336-340؛ ميراني، 2016، ص36؛ عبدالرحمن، ، ٢٠٠٦، ل464).

(٢) الهول: شارۆچکەیەکی بچووکە دەکەوێتە سنووری نێوان عێراق-سوریا، بە نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی حەسەکە، پێکهاتەی

دانیشتوان ١٠٠٪ عەرەبی سونە مەزهەبن، لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە سووریایە ٢١ گوندی عەرەب نشینی تر سەر بەو شارۆچکەیەن، ( الکاطع،2020، ص257).

(٣) ناسراوە بە (ئەمینێ عەبدۆ) کەسایەتی هەرە دیارو ناوداری شنگال بوو، هاورێیەتیەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ ئەندامی پارتی هیوا لە شنگال (جعفر محمد کەریم فەیلی)، بەهۆی پشتیوانی بەهێزی بۆ کوردایەتی و پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین جار توشی زیندانی کردن و دەربەدەری بووە؛ هەروەها یەکێک بوو لە گەورە مەلاکەکانی شنگال، (ردێنی، ٢٠٠٦، ل٩٣-٩٤؛ حسو الريكاني، 2012، ص١٩٥).

(٤) شایەنی باسە گەرەکی سەرای یەکێکە لە گەرەکە ناودارەکانی شەنگار، هەروەها ئەم گەرکە زۆربەی دانیشتوانی مەسیحین؛ کورد لە پارێزگای مووسڵ، (گۆران، ٢٠٠٢، ل١٦٤؛ لالش، ١٩٩٦، ص٩٢).

(٥) ئەو قوتابخانانەی کە لەسەردەمی عوسمانیەکان دروست کران لەگەڵ هاتنی بریتانیەکان بۆ عێراق بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق لەکاردابون بۆ پرۆسەی خویندن وبەردەوام بوونی بەڵام، دەبینین شنگالیش وەک هەر ناوچەیەکی تر جۆرێک لە ڕێگری کردن هەبوو لە ئافرەت وکچەکانیان لە پرۆسەی خوێندن، هەرچۆنێک بێت لەسەرەتاکانی ساڵی ١٩٣٢ خانوویەک بەکرێ گیرا وەک قوتابخانە بۆ ئەو کچانەی کە دەیانویست بەردەوام بن لە پرۆسەی خوێندن؛ ( حسو الريكاني، 2012، ص١٨٦).

(٦) ئاستی لاوازی وبەهێزبوونی حزبی شیوعی لە عێراق لەسەردەمی پاشایەتی وکۆماری زۆرجار بەسترابۆوە بە ئاستی پەیوەندی نێوان یەکێتی سۆڤێیەت و حکومەتی عێراقی هەر لەبەر ئەمەش دەبینین لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی ساڵی ١٩٥٨ چالاکی حزبی شیوعی لە عێراق زیادی کرد بەشێوەیەکی ئاشکرا بەهۆی نزیک بوونەوەی عێراق لە یەکێتی سۆڤێیەت لەم سەردەمەدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕواننە( Oles and Bettie,1991,PP 99-101).

(٧) یەکێک لەو بابەتانەی کە حکومەتی عێراقی لەسەردەمی پاشایەتی بایەخی زۆری پێدەدا بریتی بوو لە ناردنی قوتابی بۆ خوێندن، بەمەبەستی تەواوکردن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا کە پێی دەگوترا نێردەی زانستی (البعثات العلمي)، تیایدا بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەندازیاری بە بەشە جیا جیا کانیەوە یەکێک بوو لەو بابەتە سەرەکیانەی کە بایەخی پێدەدرا لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراق، بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم بابەتی بڕواننە، (الأمير الحسناوي، ، 2024، ص53-61).

(٨) کۆمەڵەی قوتابیانی عێراقی لە لەندن ( الجمعيه ألأتحاد الطلبة العراقيين في لندن) بیرۆکەی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥١، لە ساڵی ١٩٥٢ بەڕەسمی دامەزرا وبەیەکێک لە ڕێکخراوە چالاکەکان ناسراوە بە تایبەت لە ساڵانی پەنجاکان، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە یەکخستنی قوتابیانی عێراقی لەو سەردەمە، ئەم کۆمەلەیە بەخێرای گەشەی کردوو هەروەها گۆڤاری دەرکرد ، سەرەتا لە حەوت قوتابی پێکهاتبوون، یەکێک لە دامەزرێنەرەکانی بەناوی دکتۆر( عبد الأمير الرفيعي) بوو، یەکەم کۆبونەوەی ئەو کۆمەڵەیە لە باخچەی هاید پارک لە ساڵی ١٩٥٢ بەڕێوە چوو، (الملاک، 2000،ص7-١١؛ عجينه، 2009، ص41).

(٩) خولێکی سەربازی بۆ دەرچوانی کۆلیژی باڵا لە عێراق کرابۆوە، یەکەم خول لە ١٩٣٩/٣/٢٣، دوای شەش مانگ لە ڕاهێنان پلەی ملازمیان پێدەدرا، الكلية العسكرية، (الكلية العسكرية ، 1974، ص247).

(١٠) ئەندامانی خێزانەکەی باس لەوە دەکەن کە لە ڕۆژی ڕووداوەکە سامی لەگەڵ یەکێک لە هاورێکانی خۆی بە ناوی محەمەد مەجید کە هەردوکیان پلەی ئەفسەریان هەبوو، بە مەبەستی پشوو گەڕابوونەوە شەنگال، دوای ئەوەی هەواڵی ئەوەیان پێدەگات کە بارودۆخی ناوچەکە تێک چووە، بە هۆی ئەو ڕووداوەی شەواف کە ببوە هۆی برینی بەنزین و نەوت بۆ ناوچەی شەنگال، بۆیە خۆی و هاورێکەی خێرا دەچنە تەلەعفەر بەمەبەستی ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکە بن، هەر لەوێش لەلایەن بازگەی ناوچەی تەلەعفەر پیان ڕادەگەینن کەوا تیپێکی سوپا نیازی هەڵگەڕانەوەیان هەیە لە حکومەتی قاسم، لەوکاتەدا خۆی و هاورێکەی دەتوانن بە هاوکاری هەندێک لە خەڵکی ناوچەکەو گەیشتنی هەندێک لە ناسیاو و کەس و کاری توانیویانە بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن و زاڵ بن بەسەر ئەو تیپەی سوپای عێراق کە ویستویەتی بەشدار بێت لە هەڵگەڕانەوەکەی شەواف.

(١١) ئەم لێژنەیە پێکهاتبوو لە وەزیری کاروباری  باکور(سامی عەبدولڕەحمان) و بریکاری وەزارەتەکانی پیشەسازی، ئاودێری، وەزیری ناوەخۆ، وەزیری کشتوکاڵ هەروەها بەڕێوەبەری گشتی گەشت و گوزار، بەڕێوەبەری گشتی گەشەسەندنی کشتوکال، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەی  باکور، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی. (الجمهورية العراقية، وزارة شؤون الشمال، عدد805، 1971/1/22).

(١٢) ئەم ڕێککەوتنامەیە ڕێککەوتنامەیەکی نێو دەوڵەتی بوو کە لە نێوان سەدام حوسەین و محەمەد ڕەزا شا بە ئامادەبوونی هەواری بۆمیدین سەرۆکی ئەوکاتی جەزائیر واژوو کرا لە ٦ ئاداری ١٩٧٥ بە پێی ئەم ڕێککەوتنامەیە عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتولعرەب ئەو زەوییانەی کێشەی لەسەر بوو لە نێوان سنووری هەردولادا بەرامبەر داخستنی دەروازەکان بۆ درێژەدان بەشۆڕش کە ئەمەش بۆ لە ناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد و شۆڕشی ئەیلول بوو. ( زادە، ٢٠١٣، ل١٨٦-١٨٨).

## 6- لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: بەڵگەنامە:**

أ- بە زمانی ئینگلیزی:

- United Kingdom Mississon to The United Nations, 845, 3rd Avenue, New York, 10022- to Middle East Department,

Fco, 18-44-8, 17 Jun 1974.
- Kurdstsn Democratic Party, Political Bureau, Kurdihsh Delegation Abroad, New York, -10033, 7 Jun 1974.
- Kurdstsn Democratic Party, Political Bureau, Kurdihsh Delegation Abroad, New York, 10033, 6 Jun 1974.
- House Of Commons, London, From: Russell Johnston, M.P., 25 July 1974 -.

ب- بە زمانی عەرەبی:
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية ألاحوال مدنية العامة، شعبة تستجيل، بيان تسجيل المجدد، 1971.
- الجمهورية العراقية، وزارة شؤون الشمال، مديرية الديوان العامة-العلاقات، م/ نشرة وزارة شؤون الشمال، العدد 8069، التاريخ 1971/9/18.
- الجمهورية العراقية، وزارة الشؤن الشمال، الدليل التنظيمي، الجزء ألاول، إعداد قسم التنضيم وألاساليب، باشراف المركز القومي للستشارات والتطوير الإداري، نيسان/1973.

**دووەم: بڵاوكراوە حكومی و حیزبییەكان:**

أ- بە زمانی كوردی:
- پارتی دیموكراتی كوردستان سەركردایەتی كاتی، ڕێبازی بزوتنەوەی ئازادیخوازی كورد هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول و بەرنامەی نوێ ی پارتی دیموكراتی كوردستان، ڕاپۆرتی سیاسی سەركردایەتی كاتی پارتی دیموكراتی كوردستان، شوێنی چاپ دیارنیە، ئابی ١٩٧٦.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**
- سامي عبدالرحمن، جولة في الأرض المحروقة، من منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، 1988.
- الجمهورية العراقية، وزارة شؤون الشمال، النشرة السنوية الرابعة، 2000/أذار/1974، ص١٠-١١.
- المركز العراقي للمعلومات والدراسات، قسم الدراسات والبحوث، دليل الوزارات العراقية 1920-2003، دارنور، بغداد،
- الكلية العسكرية، الكلية العسكرية في 50 عاما 1924-1974، مطبعة الكلية العسكرية، بغداد، أيار 1974.
- الجمهورية العراقية، وزارة الشؤن الشمال، الدليل التنظيمي، الجزء ألاول، إعداد قسم التنضيم وألاساليب، باشراف المركز القومي للستشارات والتطوير الإداري، نيسان/1973.

**سێیەم: دەستنووس:**
- دەستنووسێكی سامی عەبدولڕەحمان بە زمانی عەرەبی لەسەر ماوەی دوای ڕێككەوتنامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠، ساڵی ١٩٧٤، شوێن دیار نییە.

**چوارەم: كتێب:**

أ- بە زمانی كوردی:
- كەمال شێخ ڕەئوف هەنجیرە مانی، كۆنگرەنامە، بەشی دیراسات و پێگەیاندن، هەولێر، ٢٠٢٣، ل١١٤-١٣٣.
- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەرگی سێیەم،بەشی دووەم، ١٩٦١-١٩٧٥، شۆڕشی ئەیلول، هەولێر، ٢٠٢٠.
- پاڵە باوانی، پێشمەرگەک و سیاسەت، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٢.
- كریس كۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەی كورد و هیوای سەربەخۆیی، و: ئەكرەمی میهرداد، بەرگی یەكەم، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- حامید گەوهەری، قیادە موەقەت، هەولێر، ٢٠٢٠.
- دلێر ئەحمەد حەمەد، مێژووی جولانەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی گەلی كورد لە باشوری كوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
- محمد مەلا قادر، خەباتنامە، كورتە مێژووی پارتی و كەلتوری بارزانی نەمر، چاپخانە خەبات، دهۆک،٢٠٠٠.
- كریس كۆچێرا، كورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا، و: حەمە كەریم عارف، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
- ئیسماعیل گوندە ژۆری، شۆڕشی ئەیلولو لە باڵەكایەتی، بەهۆی شۆڕشی ئەیلولەوە باڵەكایەتی ١٣ ساڵ كوردستانێكی سەربەخۆبووە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هولێر، ٢٠١٨.
- سەید كاكە، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠.
- گەراس ئاڕ . ڤی . سنانسفیڵد، كوردستانی عێراق و پەرەسەندنی سیاسی و پشكوتنی دیمكراسی، و: یاسین سەردەشتی، چاپی یەكەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠.
- دارا عەتار، لە هەگبەی ڕێبوارێكی تینوودا، بیرەوەری و بۆچوون، بێ شوێنی چاپ، هەولێر، ٢٠٢٣.
- وشیار حەمەد حاجی، یەكێتی مامۆستایانی كوردستان چەند لایەنێكی مێژووی سەرهەڵدان و تێكۆشان ١٩٦٢ -١٩٩٨، بێ شوێنی چاپ، هەولێر، ١٩٩٨.
- فەرهاد عەونی، ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی، بەرگی یەكەم، شوینی چاپ نیە، هەولێر، ٢٠١٦.
- شەكیب ئاكرەیی، ساڵانی مەینەتی لە كوردستان، گرنگترین ڕووداوە سیاسی و سەربازییەكانی كوردستان و عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٨٠- ١٩٥٨ )، و:كاوە هاوار، هەولێر، ٢٠٢٣.

- فەتاح محەمەد وەلاتژێری، پەنابەرێن کورد ل ئێرانی ١٩٧٤-١٩٧٩، ڤەکۆلینەکا مێژوویی بەلگەنامەیی، پێداچوون: دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، هەلێر-٢٠٢٤.
- وصفی حسن ردێنی، شنگال کوردایەتی.. تەرحیل و تەعریب، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
- کورد لە پارێزگای مووسڵ، خەسرۆ گۆران، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.
- یوسف محمد یوسف، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان، ١٩٨١-١٩٩٢، چاپخانا هێڤی، هەولێر، ٢٠٢٠.
- مومتاز حەیدەری و هێرش سنجاوی و کاروان قاسم، قاموسی ناوە نەمرەکان، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.

ب- بە زمانی عەرەبی:
- مارك سايكس، رحلات مارك سايكس في العراق العثماني، ت: أحمد عبدالوهاب الشرقاوي ومحمد علي ثابت، ط1، دارالبشير للثقافة والعلوم، ٢٠٢٠.
- نوري شاويس، من مذكراتي، من منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، الطبعة ألأولى:1985.
- علي سنجارى، أوراق من أرشيف كوردستان، مجموعة مقالات السياسية، االجزء الثانى، مطبعة خانى-دهوك، 2013.
- ظاهر علي أحمد كۆيى، العراق و كوردستان ماضيات الأيام وحاضرات الزمن، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، 2020.
- إحسان شيرزاد، مذكرات، الأردن، 2011.
- رحيم عجينه، الأختيار المتجدد ذكريات شخصية و صفات من مسيرة الحزب الشيوعي العراقي، مطبعة اوفيست، بغداد، 2009.
- محسن دزەيى، أحداث عاصرتها 1961-1975، الجزء الثاني، دار ئاراس، أربيل، 2002.
- سلام السنجاري، سنجار المدينة والجبل، دراسة تأريخية اجتماعية للفترة من 1900-1980، الجزء ألاول، مطبعة تهران-ايران، دهوك،2021.
- محمودشيخ سين حسو الريكاني، سنجار في عهد الملكي، مطبعة الحاج هاشم ، أربيل،2012.
- ممتاز حسين سليمان خلو، ايزدية شنكال-سنجار، مأسى-أحداث وشخصيات،فرمانات من سنة 1876 الى سنة 2016م، مطبعة خاني، دهوك، 2019.
- علي نجم عيسى، مدارس الموصل، دراسة التأريخية حضارية، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، 2017.
- قحطان حبيب الملاك، شذرات من تاريخ جمعية الطلبة العراقيين في المملكة التحدة، ، دار الغد، بغداد، 2013.
- سيف عدنان ارحيم القيسى، قراءات في ذاكرة عزيز محمد السكرتير السابق للحزب الشيوعي العراقى مسيرة ونضال، الطبعة ألأولى، العراق، 2015.
- حسين ابراهيم قطريب، جغرافية انتشار الكرد في سوورية، تركيا،
- علي جزيري، الكورد وكوردستان، كودستان سووريا (أنموذجا)، بحث في ضوء منهجيه الجغرافيتين السياسيه والتاريخيه، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، 2017.
- بشير سعيد عبدالرحمن، بهدينان و عشائرها، دراسة تأريخية، ط1، مطبعة خاني، دهۆك، ٢٠٠٦.
- علي صالح ميراني، الجزيرة الحسكة في ضوء كتابات الرحالة والوثائق، أربيل 2016، .
- مهند الكاطع، أكراد سوورية التاريخ-الديموغرافية-السياسية، الطبعة الأولى، بغداد،2020.
ج- بە زمانی ئینگلیزی:
- Oles and Bettie,the Ussr and Iraq, Duek University Press,USA,1991,PP 99-101

پێنجەم: تێز و نامەی زانکۆیی:
- حسن ويس يعقوب المولى، سنجار في عهد العثمانى دراسة سياسية، إدارية، إقتصادية 1249 – 1336 هجرى / ١٨٣٤ – ١٩١٨ م، رسالة ماجستر، كلية الاداب، جامعة الموصل، 2000.
- نسرين نعمة عبد الأمير الحسناوي، حركة البعثات العلمية العراقية في العهد الملكي (1922-1958)، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة كربلاء، 2024.

## شەشەم: چاوپێکەوتن:

- چاوپێکەوتن لەگەڵ بروسک نوری شاویس، هەولێر، ٢٠٢٤/١١/١٧، ناوبراو لە ١٩٥٥/١٠/١٨ لە شاری بەغدا لە دایک بووە، دایکیشی ناوی (ناهیدە شێخ سەلام) کەسایەتیەکی دیارو خانەدانی شاری سلێمانیە، بڕوانامەی بە کالۆریۆسی لە زانکۆی (ILMENAU) لە وڵاتی ئەڵمانیا بەدەست هێناوە، خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لە (Biomedicine Technique) تەکنیکی بایۆلۆجی پزیشکی لە هەمان وڵات، لە تەمەنی ١٣ ساڵیەوە دەستی بە کاری سیاسی کردووە، سەرەتای کاری سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ لە ڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی لەخوار هەژدە ساڵ

بوو سەرەتا پلەی حزبی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٣ بە فەرمی دەبێتە ئەندانی (پ.د.ک) ، ساڵی ١٩٧٤ دەبێتە پێشمەرگە دوای نسکۆی شۆڕش لە ڕێکخسنەکانی سەرکردایەتی کاتی کاری کردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٨١ جگە لەوەی یەکێکە لەدامەزرێنەرانی پارتی گەلی دیمکراتی کوردستان وەکو ئەندامی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندیش لەو حزبە هەڵبژێردرا، دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٨٣ لە پارتی گەل دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە کۆنگرەی دووەمی پارتی ناوبراو دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لەدوای دروست بوونی پارتی یەکگرتن لە ساڵی ١٩٩٢ لەو پارتەش ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووە، لە کۆنگرەی ١١ی پارتی دیمکراتی کوردستان کە بە کۆنگرەی یەکگرتن ناسراوە لە ١٩٩٣ لەسەر ئاستی حزب پەیوەندی دەکەنەوە بە (ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو) لەوکاتەوە لە ڕیزەکانی پارتی بەردەوامەو تا ساتی نووسینی ئەم توێژینەوەش ناوبراو ڕاوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیمکراتی کوردستانە.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد عەونی، هەولێر، ٢٠٢٥/٤/٢٣، ٢٠٢٥/١/٢١. ناوبراو لە ١٩٤٦/١١/٢٨ لەگەڕەکی بەفری قەندی شاری کۆیە لەدایکبووە، لە خێزانێکی ڕۆشنبیرو چاوکراوەو و خوێندەوار بووە و هەر لە تەمەنی منداڵیەوە خولیای خوێندنەوە بووە، لە ساڵی ١٩٦٣بۆتە نووسەر لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت، لە ساڵی ١٩٦٤ چۆتە ڕێزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٦٩ بۆتە ئەندامی مەکتەبی ڕیکخستنی ناوەند لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان ولێپرسراوی ناوچەی بەغدا ودەوروبەری، لەساڵی ١٩٧٠ کۆلیژی ئابووری وزانستە سیاسیەکان لە بەغدا تەواو کردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ بۆتە بەڕێوەبەری کارگێری ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی التأخی وبرایەتی، لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ بۆتە لێپرسراوی کارگێری دەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی وخەبات تا ساڵی ٢٠٠٠، خاوەنی چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەیە بە هەردوو زمانی کوردی وعەرەبی.

- چاوپێکەوتن لەگەل د. نوری عوسمان مەحموود، هەولیر ٢٠٢٤/١١/١٠. ناوبراو ساڵی ١٩٦٧ لەشاری بەغداد لە دایک بووە، باوکی سێ کچ ودوو کوڕە، جگە لەو پەیوەندیە خیزانیەی کە برازای سامی عەبدولڕەحمانە، هاوکار یەکتر بوون، ناوبراو لەماوەی تەمەنی ڕابردووی جگە لەوەی لەساڵی ١٩٩١ بەکالۆریۆس لە پزیشکی گشتی لە زانکۆی مووسڵ تەواو کردووە کۆمەڵێک پۆستی حکومی وحزبی هەبووە.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ حەلیمە محمود عەبدولڕحمن، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٧. ناوبراو خوشکی سامی عەبدولڕەحمانە، ساڵی ١٩٣٦ لە شنگال لەدایک بووە، نەچۆتە بەر قۆناغەکانی خویندن، سەرقالی ئیش وکاری ماڵ وبەخێوکردنی مەڕوماڵات وئیشکردن لەنێو ڕەزو باخ وبیستان بوو لە باخچەی باوکی.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران مەحموود عەبدولڕەحمان، هەولێر٢٠٢٤/١٢/٢٥، ناوبراو ساڵی١٩٥٩ لە شنگال لەدایک بووە، برای سامی عەبدولڕەحمانە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە هەندەسەی تەلارسازی لە ڕۆمانیا بەدەستهێناوە. شارەزایی هەبووە لە چەندین زمان، لە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کردووە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣ ودواتر بووە بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ناوخۆ تا ساڵی ٢٠١٣، ئیستا خانەنیشینە. `

- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیان سامی عەبدولڕەحمان، هەولێر، ٢٠٢٥/١/٢١. ناوبراو کچی سامی عەبدولڕەحمانە لە ٨/٤/ ١٩٦٥ لە بەغدا لە دایک بوە، بەکالۆرریۆسی لە بەشی مێژوو لە زانکۆیی لەندن بەدەستهیناوە، جگە لە پۆستی حزبی و حکومی لە بواری ڕۆژنامەنووسیش کاری کردوە، لە ئیستادا ڕاوێژکاری باڵا بۆ پەیوەندیەکان و گۆرانکاری کەش و هەوا لە نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کاردەکات.

- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڤیان سامی عەبدولڕەحمان، هەولێر٢٠٢٥/١/٢١. ناوبراو کچی سامی عەبدولڕەحمانە، خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لە زانکۆی سواس (SOAS Universty of London)لە لەندن لە بەشی پەیوەندی نێودەوڵەتی خوێندووە، شارەزایە لە زمانەکانی (کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتالی)، ئیستا لە بەشی گۆرانکاری کەش وهەوا لە نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کاردەکات.

- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕێکار ئەحمەد، سوید، ٢٠٢٥/١/٢. ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٢ لە شارەدێی گوێڕی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە، ناوی خوازراوی زەردەشت بوو، لە زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی بە کالۆریۆسی لە ئەندازیاری بەشی کارەبای گشتی وەرگرتووە، دوای تەواوکردنی زانکۆ چۆتە شاخ وسەرەتا لە ڕیزی حزبی سۆشیالست

ودواتریش لە ڕیزی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان تێکۆشاوە، سکرتێری حزبی ڕزگاری کوردستان بووە، خاوەنی چەندین ڕۆمان وچیرۆک وکورتە چیرۆکی بڵاوکراوەیە، هەروەها بابەتی سیاسی و ویژەیی بڵاوکراوەتەوە وماوەیەک ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کوردستان بووە، ماوەیەک لە دەزگای ڕاگەیاندنی پارتی گەل کاری کردووە، ئیستا لە وڵاتی سوید نیشتەجێیە.

– وەڵام دانەوەی نامەی تایبەت نامەی تایبەت لەلایەن بێستون بەرواری ، سوید، ٢٠٢٤/١١/٢٨، ناوی تەواوی صالح شوکری پیرموسا ناوبراو لەدایکبووی ١٩٥٨ لە شێخان، دەرچووی قووناغی ئامادەیی (اعدادی)، دوای دامەزراندنی پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان چۆتە سووریا و بۆتە ئەندامی ڕاگەیاندنی ناوەندی پارتی گەل، لە کۆنگرەی دوو بووبە ئەندامی سەرکردایەتی، لە ساڵی ١٩٩٢ چۆتە وڵاتی سوید لەوێ نیشتەجێ دەبێت تاوەکو ئیستا؛

**حەوتەم: وتار و لێکۆڵینەوە: (گۆڤار و ڕۆژنامەکان)**

أ- بە زمانی کوردی

– چاوپێکەوتن لەگەل فەوزیە ئەمین عەبدولڕەحمان، گۆڤاری بزاو، ژمارە ١٩، ٢١/تشرینی یەکەم/٢٠٠٧.

– ڕۆژنامەی گوڵان، ژمارە ١٣٨، ١٩٩٧/٩/١٣.

– ڕۆژنامەی گولان، ژمارە٥٣، ١٩٩٥/١٠/٢٠.

ب- بە زمانی عەرەبی

– حسن ضاری الدليمي، ألإنجازات والتقييم شؤون الشمال العراقية 1967-1978، مجلة مركز دراسات الكوفة، جامعة الكوفة، عدد 72، ئادار 2024.

– لالش، مجلة ثقافية حورية يصدرها مركز لالش بللغتين الكوردية والعربية، عدد ٦، دهۆک.

– علاء الدين خميس علوان الحميري، تطور التعليم في العراق وأثره في الحيات الإجتماعية 1912-1958، مجلة كلية التربية ألأساسية التربوية وألإنسانية ، جامعة بابل، العدد/43، نيسان/2019.

# سامي عبدالرحمن
# دراسة في دوره الإداري والسياسي (1970–1975)

**افين عزيز خليل**
قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين– أربيل، إقليم كردستان,العراق
a @su.edu.krd
**دلّشاد محمود عبدالرحمن**
قسم التاريخ، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين– أربيل، إقليم كردستان,العراق
dilshad.m.a@su.edu.krd

**الملخص**
سامي عبدالرحمن هو أحد أبرز القادات والشخصيات في تاريخ حركة التحرر الكردية في كردستان العراق، ويبرز دوره ومكانته في التاريخ المعاصر لكردستان بشكل ملفت وخاصة خلال السنوات (1970–1975). وبفضل مهاراته وذكائه، أصبح موثوقًا لدى الملا مصطفى البرزاني (زعيم ثورة الكردية) الذي رشحه بدوره ليكون عضوًا بارزًا في وفد التفاوض بين حركة تحرر كردية والحكومة العراقية، والذي أسفر عن اتفاق 11 آذار 1970. وبعد الاتفاق (1970–1975) عمل وزيرًا كرديًا في الحكومة العراقية. تهدف هذه الدراسة الى ابراز الدور الإداري والسياسي لسامي عبدالرحمن في المدة التاريخية (1970–1975). تكمن أهمية كتابة هذه الدراسة في أنها تكشف حقائق جديدة عن دور سامي عبدالرحمن في أحداث كردستان العراق، وعلاقاته مع بغداد، ونشاطاته في الخارج استنادًا إلى عدد من المصادر والوثائق غير المنشورة. يتكون البحث من مقدمة ومحورين رئيسيين والخاتمة. في المحور الأول، تم عرض نبذة من حياة الشخصية لسامي عبدالرحمن، أما المحور الثاني فهو مخصص للدوره الإداري والسياسي خلال السنوات (1970–1975).
**الكلمات المفتاحيية:** سامي عبدالرحمن، الدور الإداري والسياسي، العراق، الثورة الكردية.

**Sami Abdulrahman**
**A Study of his Administrative and Political Role (1970 -1975)**

**Avin Aziz Khaleel**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
a @su.edu.krd
**Dilshad Mahmoud Abdulrahman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region, Iraq
dilshad.m.a@su.edu.krd

**Abstract**
Sami Abdulrahman is one of the most prominent leaders and figures in the history of the Kurdish liberation movement in Iraqi Kurdistan, and his role and status in contemporary Kurdish history are particularly notable, especially during the years 1970 -1975. Due to his talent and intelligence, he became trusted by Mullah Mustafa Barzani (the leader of the Kurdish revolution), who, in turn, nominated him to be a prominent member of the negotiation delegation between the Kurdish liberation movement and the Iraqi government, which resulted in the March 11, 1970 agreement. After the agreement, he served as a Kurdish minister in the Iraqi government (1970 -1975). This study aims to highlight Sami Abdulrahman's administrative and political role during the historical period of 1970 -1975. The importance of writing this study lies in revealing new facts about Sami Abdulrahman's role in the events of Iraqi Kurdistan, his relations with Baghdad, and his activities abroad based on a number of unpublished sources and documents. The research consists of an introduction, two main chapters, and a conclusion. In the first chapter, an overview of Sami Abdulrahman's life is presented, while the second chapter is devoted to his administrative and political role during the years 1970 -1975.

**Key words:** Sami Abdulrahman, The administrative and political role, Iraq, The Kurdish Revolution.